کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمونیستی ئێران)

٣١ جۆزەردان

دەورەی دووهەم– ژمارە ۴٣٠–نیوەی دووهەمی جۆزەردان ١۴٠٢ - 2023 june

# ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە، هێمای مێژوویەکی پڕ لە شانازی



وڵامی چەند هاوڕێ بە پرسیاری پێشڕەو ٣

وتوێژی پێشڕەو سەبارەت بە پرسی هۆشیاریی، ڕێکخراوبوون و ڕێبەریی،
لەگەڵ هاوڕێ جەماڵ بوزورگپوور ۴

کلیلی ڕزگاریی کرێکاران و خەڵکی چەوساوە لە دژی زوڵم و سێدارە بەدەست
خۆیانە ن. بێهروز ناسری ۵

کۆماری ئیسلامی و قەتڵە ناموسییەکان ٦

ڕابینسۆن کرۆزۆ، ڕۆمان یان ئابووریی ن.سەلام قادری ٧

پەنابەران لە هەرێمی کوردستانی عێراق – ئاسۆی لێڵی خەونەکان ن.زانا سەعیدزادە ٨





دەوڵەتانی ئوروپایی بەرپرسی
کارەساتی نوقم بوونی ۵٠٠ پەناخواز
١٠

ئێران لەگەڵ قەیرانی ئاو
و هاوینێکی گەرم بەرەوڕووە
٩

## سەروتار

### پەیامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بەبۆنەی ٣١ی جۆزەردان ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە

مێژووی خەباتی ماندوویی نەناسانەی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە، مێژووی خەبات و خۆڕاگری و مێژووی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستانە. ٤٤ ساڵ لەمەوبەر بەردی بناغەی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە بارودۆخێکدا دانرا کە کۆمەڵگای ئێران لە بەردەم وەرچەرخان و گۆڕانکارییەکی مێژووییدا بوو. لە لایەکەوە کۆمەڵانی خەڵک کە بە شۆڕشێکی جەماوەریی لە چنگ دەسەڵاتی دیکتاتۆری پاشایەتی ڕزگاریان ببوو ، دەرفەتێکیان بۆ ڕەخسا تا هەناسەیەک بە ئازادیی هەڵبکێشن و لە لایەکی دیکەشەوە ترس لە زاڵبوونی ڕژێمێکی لە ڕادەبەدەر کۆنەپەرست و دوژمنی ئازادی کە خۆی ئامادە دەکرد بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات، کۆمەڵگەی ئێرانی داگرتبوو. ڕەوتی ئیسلامی ئەرکی بێدەنگکردنی دەنگی شۆڕشی ئێرانی لە ئەستۆ گرتبووە و لە هەموو گۆشەیەکی ئێران پڕۆسەی سەرکوتکردنی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کۆمەڵانی خەڵکی بە ریەوە دەبرد.

بەڵام لە کوردستان دۆخەکە جیاواز بوو. لاوازیی ڕەوتی ئیسلامی و کاریگەریی سیاسەت و هزری چەپ و سکۆلار لە نێو خەڵکدا و هەروەها بوونی حیزبە سیاسییەکان و هتد... بەشێوەیەکی گشتی هاوسەنگییەکی جیاوازیان پێک هێنابوو.

درێژە لە لاپەڕەی ٢

دەورەی دووهەم– ژمارە ۴۳۰–نیوەی دووهەمی جۆزەردان ۱۴۰۲ - 2023 june

پێشڕەو

### درێژە ی : (سەروتار)

# پەیامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە بەبۆنەی ۳۱ی جۆزەردان ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە

کرێکارانی چەوساوە، خوازیاری ژیانێکی باشتر بوون، زەحمەتکێشانی گوند کە لە ژێر کۆت و بەندەکانی پاشماوەی سیستەمی کۆنی دەرەبەگایەتی، ڕزگاریان ببوو، ژنانی تینووی مافی یەکسان و ئەو جەماوەرە خەڵکەی کە نەیاندەویست چیتر باری ستەمی نەتەوەیی لەسەرشانیان قورسایی بکات، سەرجەم ئەو ویست و ئاوات و ئامانجانە لە بزووتنەوەیەکی بەرخۆدانی جەماوەریدا خۆی نیشاندا.

بزووتنەوەیەک کە خۆی ئامادە دەکرد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ڕژیمە تازە بەدەسەڵات گەیشتووەی کە هەڕەشە بوو بۆسەر دەستکەوتەکانی شۆڕشی کۆمەڵانی ئازادیخواز. سەرەتا کۆنەپەرستانی ناوخۆیی و پاشماوەی سیستەمی ڕزیوی دەرەبەگایەتی، هەوڵیاندا بە پشتبەستن بە حکوومەتی ناوەندی پێگەی لەدەستچووی خۆیان سەرلەنوێ بەدەست بهێننەوە. بۆ ئەم مەبەستەش دەستیان کردبوو بە پێکهێنانی باندی چەکداری و هەڕەشەیان لە زەحمەتکێشانی گوندەکان دەکرد. کۆمەڵە بەمەبەستی پووچەڵکردنەوەی ئەم ڕەوتە، بانگەوازی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستانی کرد کە لە نێو یەکێتێکانی جووتیاراندا کۆببنەوە و بە شێوەیەکی ڕێکخراو و چەکدارانە داکۆکی لە مافەکانیان بکەن. هاوکات لەگەڵ نزیکبوونەوەی کاتی هێرشی ڕێژیم بۆ سەر کوردستان، ناوەندەکانی مەشق و بارهێنانی نیزامی کۆمەڵە لە باکوور و باشووری کوردستان بۆ ئامادەکردن و پەروەردە کردنی کادر بۆ هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە دامەزران. بڕبڕەی پشتی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە لایەن ئەو خەباتکارانەوە پێکهات کە لەو ناوەندانەدا مەشق و ڕاهێنانیان پێکرابوو. هێزی یەکێتێکانی جووتیاران بە ڕێبەرایەتی کۆمەڵە، لە "مەریوان، دیواندرە، کامیاران، سەردەشت، بۆکان و مەهاباد"، ئەرکەکانی خۆیان سەرکەوتووانە بە ئەنجام گەیاند. زەوی و زارەکان بەسەر جووتیارە هەژارەکاندا دابەشکران و گروپە چەکدارەکانی ئاغاکان لەبەریەک هەڵوەشێنرانەوە. جۆش و خرۆشی ئەو زەحمەتکێشانەی کە بە دەستی خۆیان سەرکەوتنیان بەدەستهێنابوو و بە داهاتوویەکی گەش ئومێدەوار ببوون و هەروەها ئەو کەشوهەوا سیاسی- دێموکراتیکەی کە هەموو کۆمەڵگای کوردستانی داگرتبوو، ئەم ناوچەیەی کردە سەنگەرێکی بەهێز بۆ بەردەوام بوونی شۆڕشی ئێران.

بەرفراوانبوونی نفوزی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵە و گەشەکردنی تواناکانی، لە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی جەماوەردا کە لە چەندین ڕووداوی مێژوویی وەک کۆچی خەڵکی مەریوان و مانگرتنی گشتی یەک مانگەی خەڵکی شاری سنە، بەمەبەستی دەرکردنی سپای پاسداران لەو شارانە، ڕێپێوانگەلێکی گەورە و پڕشکۆ بەرەو شاری مەریوان بۆ پشتیوانی لە خەڵکی ئەم شارە و چەککردنی هێزی کۆنەپەرستی ناسراو بە "سپای ڕزگاری"، کە لەلایەن شێخەکانی ناوچەکەوە ڕێکخرابوو، خۆی نیشاندا. هیچکام لەمانە کە ئاسۆیەکی جیاوازیان بۆ داهاتووی شۆڕشی ئێران لەبەردەمدا بوو، لە لایەن ئەو ڕێژیمە ئیسلامییە کۆنەپەرستەوە کە تازە بەدەسەڵات گەیشتبوو، تەحەمول نەدەکرا. هەر بەو هۆیەشەوە، دوای ماوەیەک فریوکاری و کات کوشتن، هەموو دەرگاکانی دیالۆگ و دانوستانی داخست و دوای خولقاندنی چەند کارەساتێکی وەک کۆمەڵکوژیی "قارنا و قەڵاتان" و شوێنەکانی دیکە، بە فەرمانی خومەینی لە ۲۸ی گەلاوێژی ساڵی ۱۳۵۸دا لەشکرکێشییەکی بەرفراوان و دڕندانە بۆسەر کوردستان دەستی پێکرد.

کۆمەڵە بانگەوازی خەڵکی کوردستانی کرد کە لە هەموو بوارەکاندا بەرەنگاری ئەم لەشکرکێشییە ببنەوە. خەڵکی کوردستان بە گەرم و گوڕی پێشوازییان لەو بانگەوازە کرد و مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێو و پڕ لە وانە و ئەزموونی چل و چوار ساڵی ڕابردوویان خولقاند. لەو کاتەوە تا ئێستا هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە بەردەوام هاندەری خەبات و خۆڕاگریی کۆمەڵانی خەڵک بووە و بۆخۆی وەک پێشەنگ و سەرقافڵەی ئەو خۆڕاگری و فیداکارییە ڕۆڵی بینیوە. هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە ماوەی بوونی خۆی لە مەیدانی خەباتی سیاسی و چەکداریی لە دژی چەوساندنەوە و سەرکوتگەرییەکانی حکوومەتی ناوەندی و داکۆکیکردن لە مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی زەحمەتکێش لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، بە چەندین هەوراز و نشێودا تێپەڕیوە و کۆمەڵێک نەریتی بەنرخی لەم کۆمەڵگایەدا جێخستووە. پێشمەرگەی کۆمەڵە نەک هەر خەباتکارێکی ئازا و خۆنەویست بووە لە مەیدانەکانی شەڕدا، بەڵکوو لە هەمان کاتدا ڕێکخەر و لایەنگرێکی شێلگیری خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی زەحمەتکێشە لەپێناو گەیشتن بە ژیانێکی باشتردا بووە. بەبێ دوودڵی و ڕاڕایی لە بەرامبەر نەریت و کولتوورە دواکەوتووەکاندا وەستاوەتەوە و بانگەشەکار و پەرەپێدەری کولتوورێکی پێشکەوتنخوازنە و ئینسانی تر بووە. هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە نەک هەر حەماسەخوڵقێنی مەیدانی نەبەرد، بەڵکوو لە هەمان کاتدا ئاڵاهەڵگری یەکسانی ژن و پیاو بووە. هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە، لە هەرکوێیەک بووبێت، گەلێک یادگاریی بەنرخی لە بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆ باشترکردنی باری گوزەرانی خەڵک بەجێهێشتووە. هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە، لە هەر شوێنێک بووبێت، تۆوی هۆشیاریی چاندووە و ئاسۆی سۆسیالیزمی بەڕووی کۆمەڵانی خەڵکی چەوساوە و زەحمەتکێشدا کردۆتەوە. بەم هۆکارانە بوو کە هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە زۆر زوو بوو بە یەکێک لە کۆڵەکە بەهێزەکانی بەرخۆدانێکی بەربڵاوی کۆمەڵایەتی. خۆڕاگرییەک کە لە ئاکامدا خەڵکی کوردستان سەریان بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دانەنواند و پێشمەرگەی کۆمەڵە، بەهۆی مانەوە و پێداگریی لەم سەنگەری خۆڕاگری و بەرخۆدانەدا بوو کە لەناو دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا جێگای خۆی کردەوە.

هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە نەک هەر جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش بێ ئەرک ناکات و لە چاوەڕوانی سەرکەوتنی نیزامی خۆیدا ڕاناگرێت، بەڵکوو متمانە بەخۆبوون و پشتبەستنیان بە هێزی خۆیان پتەوتر دەکات. ئاسۆی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە بۆ ڕزگاری خەڵکی زەحمەتکێش شۆڕشە، شۆڕشێک کە هێزی بزوێنەرەکەی لە کرێکاران و زەحمەتکێشان پێکدێت. شۆڕشێکی لەم شێوەیە نەک سەرچاوەگرتوو لە ئیرادەی ئێمە، بەڵکوو پشت ئەستوورە بە واقیعە بنەڕەتییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، ناکۆکییە چینایەتییەکان، نایەکسانی و هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی، نەبوونی ئازادی تاکە کەسی و پێشگرتن لە بیرکردنەوەی ئازاد و ژیانی ئازاد ، واتا ئەو ناکۆکیە بنەڕەتیانەی کە کۆمەڵگا بەرەو شۆڕش پاڵ پێوەدنێن. شۆڕش بەواتای گواستنەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە کەمینەیەکی بچووکەوە بۆ زۆرینەی بەرهەمهێنەرانی سەروەت و سامان و نێعمەتەکانی کۆمەڵگە، ئەمەش بە واتای خولقاندنی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ژیانی خەڵکدا دێت. هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە بەش بەحاڵی خۆی هەوڵدەدات هاوسەنگی هێز بە قازانجی بەرەی کۆمەڵانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش بگۆڕێت و هەلومەرجی شۆڕش و ڕاپەڕینی جەماوەری نزیکتر بکاتەوە. لە ئەنجامی چالاکییەکانی ئەم هێزە، سەرکەوتنی کۆتایی لە خەبات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان و دەستەبەرکردنی ئازادی و مافی چارەی خۆنووسین بە شێوەیەکی ئاسانتر و زیانێکی کەمتر مسۆگەر دەبێت.

خەڵکی کوردستان بە پشتیوانیکردن لەم هێزە و بەشداریکردن لە چالاکییەکانیدا، لە ڕاستیدا بەرگرییان لە کەرامەتی ئینسانی خۆیان کردووە. هەزاران کەس بەشێک لە باشترین ساڵەکانی تەمەنیان لە ڕیزەکانی ئەم هێزەدا بەسەر بردووە و بە حەق شانازی بە ڕابردووی خۆیانەوە دەکەن. ژمارەیەکی زۆر ئینسانی کۆمۆنیست و کەسایەتی خۆشناو و ناسراوی خەڵکی کوردستان، کە ئاواتی ڕزگاربوونی خەڵک لە ستەم و چەوسانەوە و کاری کرێگرتەیان لەدڵدابوو، لە ڕیزەکانی ئەم هێزەدا گیانیان بەختکرد.

ئەگەرچی زیاتر لە دوو دەیەیە ئەم هێزە، کە لەلایەن کۆمەڵەی کۆمۆنیستەوە ڕێبەرایەتی دەکرێت، بە پێی سیاسەتێکی ڕاگەیەنراو، هیچ چالاکییەکی نیزامی لە دژی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئەنجام نەداوە، بەڵام پێگەی خەباتی چەکداری و بەرخۆدان ، لە چوارچێوەی مافی بەرگری ڕەوادا هەرگیز لە ستراتیژی ئێمەدا نەچووەتە ژێر پرسیارەوە. واقیعییەت ئەوەیە کە خەباتی چەکداریی، بە لەشکرکێشی هێزەکانی ڕێژیمی ئیسلامی، بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپێنرا. خەڵکی کوردستان ئازادییان دەویست و لەبەر ئەوەی بڕیاریان دابوو بەرگریی لەو دەستکەوتە دێموکراتیکانە بکەن کە لە کاتی ڕووخانی ڕژێمی شادا بەدەستیان هێنابوو، ناچار بوون چەک هەڵبگرن. بەرگریکردن لەو ئازادییە بەبێ فیداکاری و قوربانیدان مومکین نەبوو. ئەوان پەنایان بۆ توندوتیژی نەبرد، بەڵکوو دژی توندوتیژی وەستانەوە و بەرگرییان لە کەرامەتی ئینسانی خۆیان کرد. کاتێک پاشەکشەیان بە هێزەکانی ڕژیم کرد و جارێکی دیکە کوردستانیان لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی سەرکوتگەر ڕزگار کرد، لە زۆر شوێنی کوردستان نموونەگەلێکی بەنرخیان لە شێوازی ژیانی مەدەنی و هەروەها کەشوهەوای دێموکراتیک ئەزموون کرد.

بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵەوە، یادی هاوڕێ سەعید موعینی،کاکە خانە، یەکەم پێشمەرگە و یەکەم گیانبەختکردووی کۆمەڵە، کە ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە بۆ ڕێزلێنان لە یاد و بیرەوەری و ڕۆژی گیانبەختکردنی ئەو ئازیزە، ناونراوە و هەروەها یادی هەزاران تێکۆشەر و مرۆڤی شەریف کە لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا لەدژی یەکێک لە جینایەتکارترین و کۆنەپەرست ترین دیکتاتۆرییەکانی ئەم سەردەمەدا گیانیان بەختکردووە، بەرز و بەڕێز ڕادەگرین و سڵاو دەنێرین بۆ بنەماڵە سەربەرز و خۆڕاگرەکانیان.

کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

۲۹ی جۆزەردانی ۱۴۰۲

# وڵامی چەند هاوڕێ بە پرسیاری پێشڕەو

## بە بۆنەی ٣١ی جۆزەردان ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە

**بۆ ئەم ژمارەیەی پێشڕەو بە بۆنەی ٣١ی جۆزەردان ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە پرسیارێکمان ئاراستەی سێ کەس لە هاوڕێیانی کۆمەڵە کرد کە یان هەر ئێستە لەڕیزی پێشمەرگەی کۆمەڵەدان یان دەورەیەک لە تەمەنیان لەڕیزی پڕ لە شانازی پێشمەرگەی کۆمەڵەدابوون. ئەوەی لەم بەشەدا بەرچاوتان دەکەوێت.**

**پێشڕەو:** وەکوو پێشمەرگەیەکی کۆمەڵە لە بارودخی ڕوو لە ئاڵوگۆڕی ئێستادا، داهاتووی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە چۆن دەبینن و ئەرک و جێگە و پێگەی ئەم هێزە چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

### وڵامی هاوڕێ ڕەحمان محەممەدی:

سڵاوێکی گەرم! بەرلە هەموو شتێک بەم بۆنەوە گەرمترین پیرۆزبایی لە هاوڕێیانی پێشمەرگەی کۆمەڵە دەکەم. یادی هەموو تێکۆشەرانی ڕێبازی ئازادی و سۆسیالیزم پیرۆز ڕادەگرم کە گیانی ئازیزیان لەناو ڕیزەکانی کۆمەڵەدا بەختکردووە و سەری ڕێز و حورمەت بۆ بنەماڵەی ئازیزیان دادەنوێنم.من لە جوابی پرسیارەکەتاندا ناچمە سەر دەور و نەخشی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە ڕابردوودا چون لەسەر ئەم بابەتە زۆر قسە کراوە و مێژویەکی پڕ لە جوانی و کاریگەر و حاشاهەڵنەگری لەناو بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستاندا بەجێ هێشتووە.

هەر وەک لەم نۆ مانگەی ڕابردوودا دیتمان کوردستان شوێنی دەست پێکردنی شۆڕشی ژینا بوو. دەور و نەخشی دۆستان و لاینگرانی کۆمەڵە لەپاڵ گرتنی هەڵوێستی مەسئولانەی هێزی عەلەنی کۆمەڵە، کۆردستانی کردبووە سەنگەرێکی وەها کە دامودەزگای سەرکوتگەرانی ڕژیمی تووشی ترس و دڵە ڕاوکێ کرد. بە بڕوای من لە ئێستادا هێزی پێشمەرگە بەو ئەندازەی کە بەشیک لە کۆمەڵانی خەڵک و بگرە بەشێکیش لە چالاکان لەم بوارەدا تەوقوعیان لیی هەیە لەباری نیزامییدا مەبەستمە ناتوانێت دەور و تەئسیری لە ئاڵوگۆرەکانی ناوچەکەدا هەبێ و بارسەنگی هێز بەرامبەر بە ڕژیم زۆر کەمترە، لەبەر ئەوەی ڕژیم لەم چل و چەند ساڵەدا بەشی زۆری داهاتی بە چەک و چۆڵ و سیستەمی موشەکی و هتد... تەرخان کردووە و هێزی پێشمەرگەش بەهۆی ئەنجام نەدانی چالاکی نیزامی نەیتوانیوە وەک جاران دەسکەوتێکی لە مەیدانی شەڕدا هەبێت.ڕاگرتنی سیمای نیزامی بۆ کۆمەڵە بۆ پاراستنی دامودەزگاکانی ئامووزشی و پەنادان بە چالاکانی سیاسی و پاراستنی بنەماڵەی ئەوان و نزیکی لە ناوچەکانی کوردستانی ئێران لە ئەگەری هەرچەشنە ئاڵوگۆڕێک لەم کاتەدا پێویستە. هەر وەک لە شۆڕشی ژینادا دیتمان دڵگەرمی خەڵکی ڕاپەڕیو لە کوردستان بە بوونی هێزی پێشمەرگە هێندە زۆر بوو کە هەر بڕیار و دروشمێک لە لایەن کۆمەڵەوە دەدرا، خەڵک بە دڵێکی فەراوانەوە پشتیوانییان لێ دەکرد. تەئسیری هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە دەبێ لەم کات و ساتاندا ببیندرێت.

بۆیە بەڕای من خۆ ئامادەکردن و پەروەردەکردنی پێشمەرگەی کۆمەڵە بە باوەڕە جوانەکانی کە هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە دونیایەکی پڕ لە ئارامی و ژیانێکی شیاوی ئینسانی ئەم سەردەمە ئەرکێکی ڕۆژانەیە کە دەبێ ببێت. لەپاڵ ئەوەشدا هەوڵدان بۆ ناسینی سیستەمی شەڕ لەم سەردەمەدا کە زۆر جیاوازی لەگەڵ سەردەمی پێشوودا هەیە ئەرکێکی پێویستە. وەدەست خستنی پێویستییەکانی دیفاع لە خۆ و جولانەوەکەش بەپێی پێویست دەبێ هەوڵی بۆ بدرێت. بە بڕوای من دەبێ لە باری نیزامییەوە بیر لەوە بکرێتەوە کە چ ئاڵوگۆڕ و تاکتیکێک بەکار دێنین کە لەگەڵ وەزعی ناوچەکە و تواناکانی خۆمان دەگونجێت. لێرەوە ماندوونەبوونی لەو هاوڕێییانە دەکەم کە بە بەشداربوونیان لەناو ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەدا توانیویانە ڕوخساری خۆشەویستی پێشمەرگەی کۆمەڵە بپارێزن.

### وڵامی هاوڕێ ئەسرین ڕەحیمی:

ئاسۆی ئێمە بۆ ئەو گۆڕانکارییە لە کۆمەڵگای کوردستان و ئێراندا گەشەکردنی خەباتی جەماوەرییە و لە جەرگەی ئەو خەباتەشدا گەشەکردنی هێزی چینی کرێکارە. خەباتێکی



جەماوەری کە هەم کۆماری ئیسلامی بڕووخێنێ و هەم ڕێگا بۆ هەنگاوەکانی دوایی بەرەو سۆسیالیزم هەڵبگرین. ئێمە پڕۆژەیەک یا ستراتیژێکمان نییە کە بە هیچ هێزێک غەیری هێزی جەماوەر پشت ئەستوور بێت. ئێمە پێمان وانییە ئەوە هێزی پێشمەرگەی ئێمەیە کە ئازادی و ڕزگاری بۆ خەڵکی کوردستان بەدیاری دەبات و پێشکەشیان دەکات. بەڵام ئەم هێزە جێگاوشوێنێکی دیاریکراوی لە سەرجەم ستراتیژی ئێمەدا هەیە. ئەو جێگا و شوێنە گرینگە و ئێستا کە نزیک دەبینەوە لە ڕۆژی پێشمەرگەی کۆمەڵە ڕێزی لێ دەگرین. عەمەلیاتی چەکداری ئێمە لەو شوێنەوە دەست پێ ناکات کە کۆتایی هات. لەو شوێنەوە دەست پێ دەکات کە لە ١٣٥٨وە دەستی پێکرد. ئاسۆی خەباتی چەکداریی ئێمە هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ئەوەیکە چەندە خەباتی جەماوەریی لە کوردستان پەرەدەستێنێ و چەندە ئەو خەباتە جەماوەرییە تەنگ بە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، تەنگ بە دامودەزگا دەوڵەتییەکان هەڵدەچنێ و ئەو هاوسەنگی هێزە وا دەگۆڕێ کە ئەو جاریش دەورێک بۆ هێزی پێشمەرگەش پەیدا بێت و هێزی پێشمەرگەش دەوری خۆی دەنوێنێ. بەڵام بێجگە لەوانە خاڵێک کە زۆر گرینگە سەبارەت بە بوون و ئیدامەکاریی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە ئەوەیە کە ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەژین، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناوچەیەکی پڕ شەڕ و شۆڕە، پڕپڕە لە دارودەستەی چەکدار، لە هیچ وڵاتێک لەو وڵاتانە چاوەڕوانی ئەوە ناکرێ کە بۆ ڕۆژێکیش دێمۆکڕاسی و ئازادی و مافی جەماوەر خۆی لە خۆیدا لە لایەن دەسەڵاتەوە بەڕەسمی بناسرێت. لە وەها مەنتەقەیەکدا کۆمۆنیستەکان نابێ ئەو بەشە لە کۆمەڵگا بن کە بکرێ بە دەست بەستراوی بیانبەنە قوربانگا. دەبێ بە هەموو وەسیلەیەک خۆیان تەیار کەن تا نیشانی بدەن کە لە کاتی خۆیدا ئەوانیش دەتوانن دیفاع لە خۆیان بکەن، لە مەوجوودیەتی خۆیان و لە خەڵکی کوردستان پارێزگاری بکەن. پاراستنی هێزی چەکداری کۆمەڵە لەو ناوچەیەدا بەتایبەت ئێستا کە کۆماری ئیسلامی زەختی خستۆتە سەر حکومەتی مەرکەزی عێراق و هەرێمی کوردستان کە چەکمان بکەن و بارگاکانمان پێ چۆڵ بکەن، بێجگە لە هەموو ئەو زەرورەتانەی کە تا ئێستا باسمان کرد خۆی لەخۆیدا سەنگەر بەندییکە بۆ دوا ڕۆژی خەباتی جەماوەری لە کوردستان.

### وڵامی هاوڕێ هەتاو عەبدوڵڵاهی بە پرسیاری پێشڕەو:

ئەگەر بمانهەوێ پێناسەیەک لە پێشمەرگە بکەین یان خود پێگەی ئەو مرۆڤە خۆنەویستە لە بارودۆخی هەنووکەیی و داهاتووی کوردستان شرۆڤە بکەین، دەبێ چاوخشاندنێکمان هەبێ بەسەر مێژووی تەژی لە شانازی و سەربەرزی پێشمەرگەی کۆمەڵە کە بێگومان بەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە دەگەین: پێشمەرگە کە خۆی هەڵقووڵاوی دڵی خەڵک بووە لە سەرەتای خۆسەپاندنی ئەو ڕژیمە دژە مرۆڤە کاریگەری ئەرێنی بەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی مێژوی پڕلە شانازی کوردەوە بووە و وەکوو باسکی بەهێزی جەماوەر پێناسە کراوە. پێشمەگەی کۆمەڵە لە بارودۆخێکدا هاتە مەیدانی کایەی سیاسییەوە کە بارودۆخی ئەوکاتی کوردستان هێشتاکە لە ژێر کاریگەری سیستەمی فیئۆدالیدابوو و فەزایەکی ئایینی و چەقبەستوو کوردستانی تەنیبوو بۆیە لە وەها بارودۆخێکدا بێگومان دەستبردن بۆ یاسا و ڕێسا سەپاوەکانی کۆمەڵ کە گرینگییەکی تایبەتی بۆ خەڵک بوو کارێکی دژوار بوو، بەڵام پێشمەرگەی کۆمەڵە بە پشت بەستن بە وانە و ئەزموونەکانی حیزبەکەی ئەو تابۆیانەی شکاند و هەموو هەوڵەکانی خستەگەڕ تا ئاستی وشیاری سیاسی خەڵک بەرز کاتەوە تا ئەو جێگایەی کە ژنان خۆیان لەو حیزبەدا دیتەوە. ئەوان چەکی پڕ شانازی شۆڕشیان لەشان کرد و هاتنە ناو ڕیزی پڕ لە شانازی کۆمەڵەوە.ژنان لە بارودۆخێکی سوننەتی و چەقبەستوو هاتنە گۆڕەپانی سیاسییەوە و شان بەشانی پیاوان دەست لەناو دەستی یەک تا بە هەنووکەش بۆ نەمانی ئەو ڕژێمە و وەدیهاتنی سیستەمێکی مرۆڤی کە هەموو تاکێک تێدا ماف و ئازادی ڕەهای هەبێ خەبات دەکەن.

ئەوەی کە پێشمەرگە لە ڕابردووی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد دا چ سەنگ و پێگەیەکی بووە و چۆن ڕۆڵی گێڕاوە، دەبێ بڵێن مێژوو شایەتی فیداکاری و گیانبازی و لە خۆبردوویی سەربەرزانەی هەو ڕۆڵە ئازادیخوازانەیە بەڵام ئەگەر بپەڕژێینە سەر پرسیاڕی بەڕێزتان کە پەیوەندی هەیە بە داهاتوو و ڕۆڵ و کاریگەریی ئەو هێزە وزەبەخشە کە دانە بە دانەیان ڕۆڵەی ئەو خەڵکەن، دەبێ بڵێن لە باروودۆخی هەنووکەیی دا کە کۆمەڵگا ئاوسی شۆڕشێکی سەرتاسەرییە و ماوەیەکی زۆرە خۆی خزاندۆتە ناو هەموو جومگەکانی کۆمەڵگا و تاک بە تاکی خەڵک بە هەموو چین و توێژەکانیانەوە پایە لەرزۆکەکانی ئەو سیستمە دژە مرۆڤەیان زیاتر خستۆتە لەرزە، ئەرکی پێشمەرگە دەچێتە قۆناغێکی دیکەوە کە بەرپرسیارێتی و ئەزموونی زۆری پێویستە. دەبێ ئەو هێزە سەرەڕای ئەوەی پاڕامێتری ئەرێنی لەخۆی جێ هێشتووە، لە ئێستادا هەموو هەوڵەکانی بخاتەگەڕ بۆ لەگۆڕنانی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و وەدیهاتنی خەونەکانی پێشمەرگەی کۆمەڵە کە بێگومان هەمان خەونی خەڵکە کە ساڵهای ساڵە خەباتی بۆ دەکات. دەبێ هەردەم پرەنسیپی سیاسی و نیزامی خۆی بپارێزێ تا لە ئەگەری هەر ڕوداوێکی سیاسییەوە پەیوەست بە شۆڕشی خەڵک بێتەوە و خەباتی شاخ و شار بە یەکەوە بلکێنێ تا نەمانی ئەو ڕژێمە و ڕزگاریی یەکجارەکی کوردستان لەژێر ستەم و چەوسانەوە.

# وتوێژی پێشڕەو سەبارەت بە پرسی هۆشیاریی، ڕێکخراوبوون و ڕێبەریی، لەگەڵ هاوڕێ جەماڵ بوزورگپوور

**پێشڕەو؛** مەبەستی سەرەکی بزوتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی ڕوونە. مەبەست کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی سیاسی وەک کۆسپێکی جددی سەر ڕێگای وەدی هێنانی داخوازییەکانییەتی. دیارە هەمومان دەزانین بەبێ بەشداری بەرینی کۆمەڵانی خەڵکی ستەمدیتوو لابردنی ئەم کۆسپە بە ئاسانی مەیسەر نابێ. پرسیارم ئەوەیە کە ئەم بەشدارییە چۆن مومکین دەبێت، بۆیە ئەم پرسیارە دەکەم چون هەتا ئێستا ڕاستە خەڵک بە گشتی لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بیزارن بەڵام بەهۆکاری جۆراوجۆر لە ئاستێکی بەرفراواندا بەشداری ئەم شۆڕشە نەبوون؟

**وڵام:** زۆرجار لەم بارەوە قسەمان کردووە. بەڵێ وایە. ئەوەی ئێوە ئاماژەتان پێدا لە ڕاستیدا خاڵی لاوازی بزوتنەوەی ژینایە. کۆماری ئیسلامیش ئەوە دەزانێت بۆیە هەوڵیداوە و ئێستاشی لەگەڵ بێت هەوڵ ئەدات کە ئەم لاوازییە واتە دورەپەرێزییە پەرە پێ بدات و نەهێڵێ خەڵک لە ئاستێکی بەربڵاودا و بە شێوازێکی ڕێکخراو بەشداریی شۆڕشێک بن کە بەدڵ پێیان خۆشە سەرکەوێ. بە شێوازی جۆراوجۆر خەڵک لە بەشداری لە شۆڕش و ڕاپەڕین دەترسێنێت. گرتن و زیندانیکردن و ئەشکنجەدان و هەروەها لەسێدارەدان ئامرازی بردنە سەرەوی تێچووی بەشداربوونی شۆڕشە تا خەڵک سڵی لێ بکەنەوە و تێکەڵاوی نەبن، تۆوی نائومێدی و بێهیوایی دەچینێت، بێباوەڕی، ناکۆکی و دوبەرەکایەتی لەنێو خەڵکدا پەرە پێ ئەدات. دەتوانم بڵێم بە داخەوە بۆ کورت ماوە تێیدا سەرکەوتوو بووە و تا ڕادەیەکیش پاشەکشەی بە بزوتنەوەی نارەزایەتی کردووە. بەڵام بۆچی دەڵێم کورت ماوە یان پاشەکشە نەک شکست. وڵام بەم پرسیارانە بۆ زاڵ بوون بەسەر لاوازییەکانی بزوتنەوەی ژینادا گرنگن. دەزانین کە کۆماری ئیسلامی تەنیا بە پشتبەستن بە دام و دەزگای سەرکوت توانیویەتی هەتا ئێستا خۆی لەم شەپۆلە نارەزایەتییە بپارێزێت. حکوومەتێک کە ئەمە تەنیا وەسیلەی مانەوەی دەسەڵاتەکەی بێت، دیارە ناتوانێت بۆ درێژە ماوە کەڵکی لێوەربگرێت. بە تایبەت ئەگەر ئەم هێزە بەردەوام لەگەڵ شەپۆلی و نارەزایەتی جەماوەری بەرەوڕوو بێت، ماندوو دەبێ و تواناییەکانی خۆی لەدەست دەدات. جگەلەمە، بەردەوامبوونی خەبات و نارەزایەتییەکان کێشە و ناکۆکی نێو دەسەڵات پەرە پێ دەدات کە نیشانەکانی هەر ئێستا دیارە، ئەمە ناتوانێت لەسەر دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامی کاریگەری نەبێت. جگە لەمانە ئابووری ئەم وڵاتە دارماوە و هیچ بەرنامەیەکی دیاریکراویش بۆ چارەسەرکردنی چاوەڕوان ناکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا ژیانی ئاسایی خەڵک تووشی مەترسی گەورە بووەتەوە کە لەڕاستیدا بەردەوامبوونی مومکین نییە. گوشاری نێونەتەوەیی بە تایبەت هەوڵێکی چڕ لە ئارادایە کە زیادەخوازییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا سنووردار بکرێت، بۆیە کۆماری ئیسلامی ناتوانێت بۆ درێژماوە لەسەر ئامرازی سەرکوت حیساب بکات. هەروەک پێشتر باسمکرد ڕاستە پاشەکشە بە بزوتنەوەی نارەزایەتی کراوە بەڵام شکستی پێ نەهاتووە. با بزانین بۆچی؟ چاو لێ بکەن، لەو ماوەیەدا بزوتنەوەی داخوازییەکان لە پەرەسەندندا بووە. کرێکاران، خانەنشینان، مامۆستایان، خوێندکاران، هونەرمەندان و ژنان بە شێوازی بەرین وازیان لە ویست و داخوازییەکانیان نەهێناوە. بەردەوام لێرەو لەوێ ماندەگرن، ڕێپێوان دەکەن، کۆدەبنەوە. ئێستاش سەرەڕای ئەو هەموو زەخت و زۆرە بە دەست کێشەی حیجابی زۆرەملێوە گیریان خواردووە، دژایەتی لەگەڵ حیجابی زۆرەملێ ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پەرە دەستێنێ، چاو لە سیاسەت و کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی بکەن، ژومارەی ئێعدامەکان چووەتە سەرەوە، گرتن و زیندانیکردن و ئەزیەت و ئازار بۆتە بابەتێکی هەر ڕۆژە، پرسیار ئەمەیە کە بوچی؟ ئەگەر شۆڕش یان بە وەتەی ئەوان « ئاژاوەگێڕی» کۆتایی پێ هاتووە، ئەی ئەم کردەوانە بۆچیە؟ لەچی نیگەرانن؟ دەمەوێت بڵێم کە بەهەر پێوانەیەک ئەم بزوتنەوەیەبەردەوامە و خەریکە بەرەوپێش دەچێت، بەڵام دیارە بەپێی سروشتی خۆی و لە ئاست تواناییەکانی خۆیدا. ئەوەی وا ئێستا لە ساحەی سیاسی ئێراندا لە ئارادایە ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کە خەڵکی نارازی ڕێگایان دۆزیوەتەوە، پەرەپێدان بە بزوتنەوەی داخوازییەکان ئەو ڕێگایەیە کە ئیمکان و مەجال دەرەخسێنێت کە جەماوەرێکی زۆرتر بەشداری نارەزایەتییەکان بن ، بەبێ ئەوەی هەزینەیەکی زۆر قورس لە سەرشانی خۆیان هەست پێ بکەن.

ئەمە ئەو ڕێگایەیە کە خەبات و نارەزایەتییەکان جەماوەریی دەکاتەوە، ئەگەر هەموویان ناتوانن لەسەر شەقام حازر بن بەڵام زۆر کەس دەتوانێت لە مانگرتن و ڕێپێوانەکاندا بەشداری بکەن بە مەرجێک ئەم یان ئەو نارەزایەتی ڕەنگدانەوەی گیرو و گرفتەکانی ژیانی و لە قەدر زەرفییەتیدا بێت، لە درێژەی ئاوا حەرکەتێکدایە کە ئاستی هۆشیارییش دەچێتە سەرەوە و بەشی زۆری کۆمەڵگا دەگەن بەو باوەڕە کە ڕێگاچارە لە گۆڕاندایە، ئەم گۆڕانەش مومکین نابێت بەبێ ئەوەی دەنگیان یەکبخەن و دەستیان لە دەستی یەکتر گرێ بدەن. بگەن بەو باوەڕە کە حەرەکەتی ئەمڕۆیان هەرچەند بچوکیش بێت ڕێگا خۆشدەکات بۆ هەنگاوی گەورەتری دوارۆژ. هەمووی ئەمانە لە جەریانی خەبات و نارەزایەتییەکاندا مومکین دەبێت.

**پێشڕەو:** باشە، کە وابوو دەتوانین بڵێین بەشداری کۆمەڵانی خەڵکی ستەم دیتوو لە شۆڕش لە دژی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە، بەڵام ئایا ئەمە کافییە؟ ئایا خەڵک هەروا بێ سازمان و ڕێکخراو بە پان و بەرینی بەشداری شۆڕش بن تەواوە یان پێویستییان بە سازمان و ریکخراو بوون هەیە؟ ئەگەر وایە ئەم سازمان یان ریکخراوە چۆن پێک دێت؟

**وڵام:** ئەوەی ڕاستی بێت خەڵکی کرێکار و زەحمتکێش لە ڕێگای کلاسی ئاموزشییەوە هۆشیاریی بە دەست ناهێنن و یان فێری ڕێکخراوبوون نابن. ئەوان بە تەبیعەتی ژیانی خۆیان تەنیا لە ڕێگای نارەزایەتی دەربڕین لەدژی هەلومەرجی ژیانی ئەمڕۆیان بەوە دەگەن کە سیستەم و دەسەڵاتی داسپێنراو نامۆیە لەگەڵ ژیانی ئەوان، هۆشیارییان دەچێتە سەرەێ و ڕێگاچارە دەدۆزنەوە. بە خەبات و بەربەرەکانێی هەر ڕۆژە لەگەڵ ئەو دەسەڵاتە بەوە دەگەن کە دەبێ ئەمانیش هێزیان هەبێت و بەوە دەگەن کە هێزیان لە ڕێکخراوبوونیاندایە. بە ئەزموون بۆیان دەرکەوتووە کە خەڵکی بێ سازمان و ڕێکخراو هەرچەند لەسەر حەقیش بن سەرئەنجام دەکەونە دوای هێزێکی کە ڕێکخراو بێ و مەبەستە سەرەکییەکەیان لێ ون دەبێ. وەک ئەوەی کە لە شۆڕشی ساڵی ٥٧ ڕوویدا. لەو سالەدا خەڵک ڕاپەڕین، بەڵام لەبەرئەوەی ریکخراو نەبوون بە ناچار کەوتنە دوای مەیل و بۆچوونی مەزهەبی کە هێزی ڕێکخراوو سازمانی هەبوو، مەبەستی سەرەکی شۆڕشی ٥٧ کە کۆتایی هێنان بە زوڵم و ستەم و نابەرابەری بوو، گۆڕدرا کرا بە فەقەت «مەرگ بۆ شا». دوای ڕۆیشتنی شا وتیان کار تەاوە و خەڵک بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانیان و دەسەڵاتی تازە ئیشی خوی دەکات و دیتمان چی ڕوویدا. لە وڵاتانی تریش هەروەها شاهیدی ڕووداوی لەم چەشنە بووین. کەوابوو من پێموایە ڕێگاچارە هەر ئەوەیە، واتە پەرەپێدان بە بزوتنەوەی داخوازییەکان، یانی هەر ئەو ڕێگایەی کە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و چەوساوە بە تەبیعەتی ژیانیان دەی پێون. ئەم ڕێگا ڕاستە بە ئەسپایی دەپێورێت، ڕاستە گەلێک کەند و کۆسپی لەسەر ڕیگادایە بەڵام کاتێک کەوتەسەر ڕێچکەی خۆی ڕێگای دەساڵە بە ڕۆژێک دەپێوەێ. نیشانەکانی بەڕاستی هەر لە ئێستاوە بە ئاشکرا بەرچاو دەکەوێت و نیگەرانییەکانی کۆماری ئیسلامیش کە لە کردەوەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە هەر ئەوەمان پێ دەڵێت. ئەرکی هێزی پێشڕەو ناسینی ئەم باردوخە، بەهێزکردنی و هەوڵدانە بۆ ئاسانکاری و ناسینی کۆسپەکانی سەر ڕێگای ئەم بزوتنەوەیە.

**پێشڕەو:** باسی چۆنییەتی ڕێکخراوبوونتان کرد، لێرەدا دیسانەوە ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە کێ ئەم سازمان و ریکخراوەیە ڕێکدەخات، هەماهنگیان دەکات و سیاسەتە گشتییەکانی دیاری دەکات و هتد...؟ دەمەوێ بپرسم جێگا و شوێنی ڕیبەری سیاسی لەم نەخشە ڕێگایەدا چییە؟ وە ڕێبەریی سیاسیی چۆن پێکدێت؟

**وڵام:** وڵامدانەوە بەم پرسیارە ئاسان نییە، ڕێبەریی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بابەتێکی سەر ڕاست نییە کە بە چەند ڕستە یان بە مەیل و پێخۆشبوونی خۆمان سەریەک بخرێنەوە. ئێستاشی لەگەڵدابێ بە فەرهەنگی زاڵ کاتێک باسی ڕێبەریی دەکرێت بیر و زێهنەکان دەچێتە سۆراغی ڕێبەرییەکی کلاسیک کە تیایدا کەسێک یان حیزبێک وەک کاریزما پێش دەکەوێ و جەماوەریش متمانەی پێدەکەن. بەبێ ئەوەی بڵێم شتی وا ئیتر ڕوونادات، بەڵام شۆڕشی ژینا هەتا ئێستا بە پیچەوانەی ئەوەی نیشانداوە. هەرچەند هەوڵدرا و هەوڵ دەدرێت کە لەسەر بنەمای ئەو فەرهەنگە کار بکرێت بۆ تاشینی ڕێبەر، بەڵام دیتمان کە زۆر کاردانەوەی نەبوو. گومان لەوەدا نییە کە ڕێبەریی سیاسیی پێویستی هەنگاونانی شۆڕشی جەماوەرییە. بەڵام شۆڕشی ژینا مودێلێکی تری هێنا ئاراوە.

با بزانین چۆن؟ بۆ جواب بەم پرسیارە دەبێ بگەڕێینەوە و بزانین ئەم شۆڕشە بۆچی هاتە ئاراوە و چی دەوێت؟ پێشتر باسمانکرد کە مەبەستی ئەم شۆڕشە ڕوونە و وتمان مەبەست کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی سیاسی لە ئێرانە. باشە ئەگەر کۆتایی بە دەسەڵاتی سیاسی لە ئیراندا هات، دوایی چی ڕوودەدات؟ ئایا کۆماری ئیسلامی وەک دەسەڵاتی سیاسی بڕوخێت، کار تەواوە؟ ویستی ژن، ژیان، ئازادی، وەک ویستی سەرەکی شۆڕشی ژینا چی لێدێت و چۆن مسۆگەر دەبێت، گەرەنتی چییە کە دیسانەوە پێشێل نەکرێت؟ ڕوانگەیەک بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئێستا کاتی ئەو قسانە نییە، ئێستا دەبێ دەنگمان یەک بخەین کە کۆماری ئیسلامی لەسەر ڕێگا لابەرین و پاشان دەچینە سۆراغی ئەوەی کە ژن، ژیان، ئازادی، چی لێدێت و چۆن جێگیر دەبێت.

ئەوە ڕاستە کە کۆماری ئیسلامی کۆسپی سەرەکییە و دەبێ لەسەر ڕێگا لاچێ، بەڵام ئەوەی وا ویست و داخوازی سەرەکی شۆڕشی ژینایە دەبێت هەر لە ئێستاوە مەعلوم بێ کە چییان بەسەردێت، کام دەسەڵاتی سیاسی مسۆگەری دەکات و چۆن دەیپارێزێت و بەروپێشی دەبات. تەنیا « مەرگ بۆ کۆماری ئیسلامی» بەس نییە. ئەم دروشمانە دەبێ لە سیاسەت و ڕەفتاری ئەمڕۆدا ڕەنگ بداتەوە. دەسەڵاتی دوارۆژ کە بتوانێت ویستە سەرەکییەکانی شۆڕش بە ئەنجام بگینێت ئاکامی کرداری ئەمڕۆیە. جگە لەمانە، ئەوەی ڕاستی بێت با بپرسین کە داخوازی ژن، ژیان، ئازادی، ویست و داخوازی کام بەش لە کۆمەڵگایە؟ فەقر و بێ مافی و ستەم و نابەرابەری کە لەم دروشمەدا کۆ کراوەتەوە لەسەرشانی کام بەش لە کۆمەڵگا قورسایی ئەکات؟ کام بەش لە کۆمەڵگا لە دابینبوونی ڕاستەقینەی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی، زۆرتر بەهرەمەند دەبێت؟ ئەگەر وڵام بەم پرسیارانە بریتی بێت لە توێژی بندەستی کۆمەڵگا، ئەی بۆچی کاتێک باسی ڕێبەریی ئەم شۆڕشە و دەسەڵاتی سیاسیی دەکرێت بیر و زێهنەکان دەچێتە سۆراغی کەسانی تری غەیری ئەم بەشە؟ چون تا ئێستا وا بووە کە ئەم توێژە واتە خەڵکی بندەست لە جێگە و پێگەیەکی یەکسان لەگەڵ چینی دارا و دەوڵەمەند بەرخوردار نەبوون.



# کلیلی ڕزگاریی کرێکاران و خەڵکی چەوساوە لە دژی زوڵم و سێدارە بەدەست خۆیانە

**ن. بێهروز ناسری**

لە قۆناغی دووهەمی شۆڕشی ژینادا کە خۆپیشاندانەکانی سەر شەقام کەم بووەتەوە، لە دوو بەرەی کرێکاران و خەڵکی زوڵم لێکراو لە لایەک و کۆماری ئیسلامی ئێران لە لایەکی ترەوە، شاهیدی سیاست و کردەوەگەلێکی زۆر جیاواز لەو دوو بەرەیەی دژ بەیەک داین. سەرەڕای ئەوەی کە هیچکام لەو قەیرانانەی کە کۆماری ئیسلامی لە بووارەکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسیدا لەگەڵی بەرەوڕووە، کەم نەبوونەوە و نارەزایەتییە جەماوەرییەکان هەروا بەردەوامە، رژێمی ئیسلامی ئێران هەمان سیاسەتی هەمیشەیی خۆی کە بریتییە لە درێژیدان بە سیاستەتی سەرکوت و ترساندنی خەڵک، درێژە پێدەدات.

رۆژی هەینی ٢٩ گوڵانی ١٤٠٢ سێ کەسی خەڵکی ئیسفەهانی لە سێدارە دا و بەگوێرەی هەواڵی رێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لانیکەم حەوت کەسی دیکەش لە لیستی سێدارەدان دان. بە پێی ڕاپۆرتی سەرچاوە هەواڵنێرییەکان، کۆماری ئیسلامی زیاتر لە ١٤٢ زیندانی لە مانگی ئەیاردا لە سێدارە داوە. هەواڵنێرەکان نووسیویانە کە ژمارەی لەسێدارەدراوەکان لە پێنج مانگی ڕابردوودا ١٧٤ کەس بووە. ئێستا کە مانگی جۆزەردانە جێگای خۆیەتی و پێویستە یادێک بکەینەوە لە ٥٩ لاوی شاری مەهاباد کە رۆژی ١٢ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ لەسێدارە دران. بەهۆی ئەوەیکە هێزە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامی ئەو سەردەمە لە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و هێزی پێشمەرگە گورزی قورسیان وێکەوتبوو، هەر بەو هۆیە تۆڵەی خۆی لە خەڵکی زوڵم لێکراو و لاوانی کوردستان کردەوە.

لە ماوەی چل و چۆارساڵی دەستەڵاتدارییەتی نگریسی کۆماری ئیسلامی، بزوتنەوەی ئێمە هەزینەیەکی زۆر و گرانی داوە و سەرەڕای هەموو ئەو هەوراز و نشێوانەی کە لەگەڵی ڕوبەڕوو بووە بەڵام بەردەوام درێژەی بە خەباتی داوە. کۆماری ئیسلامی لەو چل و چەند ساڵەدا جگە لە هەژارکردنی خەڵک، بێکاریی، ئەزیەت وئازار و لەسێدارەدانی خەڵکی ناڕازی و لاوانی شۆڕشگێڕ، هیچ دەستکەوتێکی بۆ خەڵکی ئێران بە گشتی و خەڵکی کوردستان بە تایبەتی نەبووە. لە هەلومەرجی سیاسی ئێستای ئێران و کوردستان کە هەم خەباتی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش لەئارادایە و هەم کۆماری ئیسلامیش بۆ درێژەدان بە دەستەڵاتدارییەتی سەرکوتگەرانەی خۆی لە هیچ سیاسەتێکی سەرکەتگەرانە و لە سێدارەدانی لاوان لە ناخۆی ئێران خۆی ناپارێزێت، لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کۆماری ئیسلامی خەریکی سات و سەودا و پێکهێنانی بارودخێکە کە ڕێگەی ئەو سات و سەودایانەوە بتوانێت دەستەڵاتی سەرکوتگەرانەی خۆی لە دژی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێشی ئێران و کوردستان درێژە پێبدات.

ئەو قەیرانانەی کە داوێنی کۆماری ئیسلامی ئێرانی گرتۆتەوە تا ئەو ڕادەیە قووڵ و بەربڵاون کە دەوڵەتەکانی رۆژئاوا و ئامریکاش بە هەر کەێن و بەین و ڕێکەوتنێکی کە لە بەینیاندا بێت، ناتوانن کۆماری ئیسلامی لە قەیرانەکان ڕزگار بکەن. مەسئەلەی ئاڵوگۆڕی ئەسەدوڵا ئەسەدی تێروریست لەگەڵ بارمتەی بێلژیکی لە ئێران، نێوبژێویکردنی پادشای عومان هەیسەم بن تاریق لە نێوان کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتەکانی رۆژئاوا، وتووێژی ئاشکرا و نهێنی بۆ ئازادکردنی دۆلارەکانی بە بارمتە گیراو لە کۆرەی باشوور، دانانی نوێنەری کۆماری ئیسلامی وەک بەرپرسی کۆمەڵەی گشتی مافی مرۆڤ لە رێکخراوی نێونەتەوەییەکان و هەوڵدان بۆ وتووێژی ئاشکرا و ڕاستەوخۆ لە نێوان کۆماری ئیسلای و ئامریکا بۆ ڕێککەوتن لەسەر کۆمەڵێک کێشەی نێوانیان، بە مانای نیشاندانی چرای سەوز لە لایەن دەوڵەتەکانی رۆژئاوا بۆ کۆماری ئیسلامییە تا لە خاڵێکدا بتوانن لەسەر کێشەکانیان بە ڕێککەوتن بگەن.

لە ماوەی چل و چۆارساڵی دەستەڵاتدارییەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، سیاسەتی دەوڵەتەکانی رۆژئاوا ئەوە بووە کە لە بەرواڵەت رەخنەیان گرتووە، سیاسەتی گەمارۆی ئابوورییان بەڕێوە بردووە، لەهەمان کاتدا ئاگایان لەوە بووە کە کۆماری ئیسلامی نەرووخێت و پێوەندی و سات و سەودای نهێنی لە نێوان لایەنەکان هەر کات پێویست بوبێت بەڕێوە چووە. ئەوە قازانج و بەرژەوەندی هاوبەشە کە ژێربینای پێوەندییەکان، ناکۆکی و ڕێککەوتنەکان دیاری دەکات.هاوکات بەشێک لە هێزی ئۆپۆزیسیۆن لە بەرەی ڕاست لە هەوڵی ئەوەدا بووە تا بۆ بەلاڕێدابردنی خەباتی جەماوەری و بزوتنەوەکانی کە هەر ئێستا لە ئاستی ئێراندا لە ئارادان، چاوەڕوانی لە دەوڵەتەکانی رۆژئاوا لە ناو کۆمەڵگادا پێک بهێنێت. سەرەڕای ئەو خاڵانەی کە لێرەدا باسیکرا، خەباتی جەماوەری لە دژی کۆماری ئیسلامی، خەباتی بزوتنەوەی کرێکاریی، خانەنشینان، مامۆستایانی قوتابخانەکان، خەباتی ژنان، خوێندکارانی زانکۆ و هتد... بۆ بەدەست هێنانی مافەکانیان هەروا درێژەی هەیە و خەڵکی خەباتکار لە هەر بۆنەیەک کەڵک وەردەگرن تا نارەزایەتی خۆیان دەرببڕن.

ئەوەی کە گرینگە ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە کە کۆمەڵانی کرێکار و زوڵم لێکراو بۆ ئەوەی لە هەموو مەینەتی و سەرکوت و ئێعدامەکان ڕزگاریان بێت، پێویستە کە تەنیا و تەنیا بەهێزی لەبن نەهاتووی خۆیان پشت ئەستوور بن. هێچ هێز و دەوڵەتێکی دەرەکی، خەڵکی کوردستان و ئێران لەو هەموو مەینەتی و ڕۆژڕەشیانە ڕزگار ناکەن. ئەمڕۆ ئێمە لە بارودۆخێکداین کە هاوپشتی بە کردەوە پێویست و زەرورییە. هاوپشتی لە نێوان هەموو کرێکاران و زوڵم لێکراوان، هاوپشتی لە نێوان نەتەوەکان، هاوپشتی لە نێوان ژنان و پیاوان.

کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەلومەرجێکدا کە هەست بەگوشار بکات، سیاسەتی هێرشبردن بۆسەر کار و ژیانی کۆمەڵانی خەڵک توندتر دەکاتەوە و بۆ بەلاڕێدا بردنی بیروڕای گشتی، تەنانەت پەنا دەباتە بەر شەڕ و کێشەی دەرەکی بەڵام کۆنترۆڵ کراو. کۆماری ئیسلامی ئێران ساڵانە میلیاردها دۆلار خەرجی هێزەکانی سەربەخۆی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات تا وەکوو ئامرازێک هەرکات ویستی بەکاریان بهێنێت. لەو نێوەدا کوردستانی باشوور ئەو شوێنەیە کە بەردەوام لەمەتەرسی هێرشدایە و تا ئێستاش زۆر جار کوردستانی باشوور لە لایەن دەوڵەتەکانی تورکیە و ئێرانەوە تۆپباران و بۆمباران کراوە.



بەپێی هەواڵی گەیشتوو، کۆماری ئیسلامی هێزێکی زۆری بەرەو سنوورەکانی کوردستان جوڵاندووە و هەڕەشەی هێرش بۆسەر بنکە و بارەگای حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە هەرێمی کوردستان دەکات. مێژووی چل و چوار ساڵەی حکوومەتی ئیسلامی، پڕە لە زۆرداری و دەستدرێژی بۆسەر خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش لە ئێران و کوردستان و ناوچەکەدا. هەر لەو ئاستەدا، پێویست و زەرورە جەماوەری خەڵک لە ئێران، کوردستان و ناوچەکەدا، لە بەرانبەر ملهوڕییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا یەکگرتوو بن و بە هاوپشتی یەکتر هێرەشەکانی کۆماری ئیسلامی شکست پێ بهێنن.

کلیلی ڕزگاری خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی ئێران، کوردستان و ناوچەکە، بەدەست خۆیانە. بەهۆی بەرژەوەندییەکان، هیچ دەوڵەتێک نایەت خەڵک ڕزگار بکات. بە هەمان ڕادەی کە دەوڵەتەکانلە پێناو بەرژەوەندی خۆیاندا هەم ململانێیان هەیە و هەم هاوکاری، خەڵکی زەحمەتکێشی ئێران، کوردستان و ناوچەکەش، پێویستە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان، هاوسۆز و هاوپشتی یەکتر بن و هەموو یەکدەنگ و یەکگرتوو خۆازیاری وەدیهاتنی مافەکانیان بن و هەر چەشنە هێرشێک لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بۆسەر کار و ژیانی کۆمەڵانی خەڵک ئیدانە بکەن و بە هێزی جەماوەریی پێش بە هەرجۆرە هێرشیک بگرن. ئەوەی کە مسۆگەرە ئەوەیە کە هێز دەبێت بە هێز وڵام بدرێتەوە. وڵامی زۆرداریەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران پێویستە بەهێزی جەماوەر بدرێتەوە.

هێزی جەماوەری وشیار و یەکگرتوو، کە بەشێوەیەکی یەکدەنگ خۆازیاری ئازادییە سیاسییەکان، هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام، ئازادی زیندانیان سیاسی، جیایی دین لە دەوڵەت، خوێندنی بەخۆڕایی، مەحکووم کردنی هەرجۆرە هێرشێک بۆسەر خەڵکی کوردستان و ناوچەکە و دەیان خۆاستی ڕەوای دیکەیە، دەتوانی کۆماری ئیسلامی بە چۆکدا بێنێت و ئەو کات هەلومەرجێک پێک بهێنێت کە خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان و ئێران و ناوچەکە لە کەشێکی تەندروستدا بژین و لەو ئیمکانە بەهرەمەند بن کە بتوانن کار و ژیانی کۆمەڵگە ڕێکبخەن.

بژی هاوپشتی نێوان گەلانی ئێران، کردستان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

پێشڕەو
ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە
ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
ئێدیتۆر:
ئیبراهیم علیزادە

نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە هەرێمی کوردستان
Add:
Sulaymaniyeh - Rizgari st
Tel: 00964-7701567854
نوێنەرایەتی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات:
Tel: 0046-738041917

تەلەڤزیۆنی ئاسمانی کۆمەڵە
Yahsat 1A 52.5E
Ferq: 12149
SymbolRate: 27500
Fec : Auto
www.tvkomala.com

ڕادیۆکان
بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی شۆڕشی ئێران (ڕادیۆ کۆمەڵە) و دەنگی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە سەر ماهوارەی یاهست پاش بڵاوبوونەوەی بەرنامەکانی تلەڤزیۆنی کۆمەڵە بڵاو دەبێتەوە.

دەورەی دووهەم- ژمارە ٤٣٠ -نیوەی دووهەمی جۆزەردان ١٤٠٢ - 2023 june

# کۆماری ئیسلامی و قەتڵە نامووسییەکان

ڕۆژی ٥ی مانگی جۆزەردانی ١٤٠٢ کۆمەڵێک لە هەڵسووڕاوانی ژنانی گیلان و بیدارزنی لە ساڵیادی ئەسپەردەکردنی پەیکەری ڕومینا ئەشەرەفی، کۆبوونەوە تا یادی ئەو و سەرجەم قوربانیانی قەتڵە ناموسییەکان ڕێز لێبگرن و لەسەر ئیرادەی خۆیان بۆ درێژەدان بە خەبات دژبە بکەرانی ئەم قەتڵە ناموسییە مەترسیدارە جەخت بکەنەوە. ڕومینا لە یەکەمی مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٩٩ لە لایەن باوکییەوە بە بیانووی دیفاع لە شەرەف کوژرا. قاتڵ وێڕای پلاندانان بۆ کوشتنی ڕومینا لە زاوەکەیانی پرسی، کە وەکیلی دادگوستەریە، ئەگەر کچەکەی بکوژێت قەساس دەکرێت؟ وڵامەکە ئەوە بوو کە بەپێی مادەی ٣٠١ی یاسای سزادانی ئیسلامی، باوک لە پێگەی وەلی قەهریی دا لە ئەگەری کوشتنی کچەکەیدا قەساس ناکرێتەوە.

لەم ڕۆژەدا کۆمەڵێک لە هەڵسووڕاوانی ژنی مەریوان لەسەر گلکۆی فریشتە نەجاتی ئامادا بوون. ئەوانیش وێڕای ڕێزگرتن لە یادی ئەم قوربانییە بێ دیفاعە و سەرجەم قوربانیانی قەتڵە ناموسییەکانی توندوتیژی سیستماتیک دژبە ژنانیان مەحکووم کرد.

فریشتە نەجاتی خەڵکی مەریوان بوو. ١٨ ساڵ تەمەنی بوو وە دایکی لە ئاسایشگای ڕەوانی بەستەری کرابوو. دوو ڕۆژ بەر لە مردنی بە پارانەوە داوای لە بەرپرسانی ئاسایشگا کرد پەنای بدەن دەنا دەکوژرێت. کەس باوەڕی بە قسەکەی نەکرد. فریشتە ماڵئاوایی لە دایکی کرد، جلەکانی خستە نێو ساکەکەیەوە و بە ژنی هاسێکەیانی وت بۆ ماڵئاوایی چووە، ئەو جلانەش یادگاری بێت بۆتۆ، ژنی هاوسێیان زۆر گرنگی بە قسەکانی نەدا. ڕۆژی دواتر باوکی فریشتە بە تاوانی ئەوەی کە ئەو لەگەڵ کوڕێکدا پەیوەندی هەبووە سەری بڕی. بەڵام دواتر پزیشکی یاسایی وتی: فریشتە کچ بووە! هەڵسووڕاوانی ژنی گیلان، چالاکانی ژنی مەریوان و بیدارزنی وێڕای کۆبوونەوە لەسەر گلکۆی ئەو قوربانیانە ڕۆژی هەینی ٥ی مانگی جۆزەردان ڕاگەیاندراوێکی هاوبەشیان بڵاو کردەوە. ئەوان نووسیان: " لەمرۆدا، ئێمە لەسەر مەزاری ڕومینا، بە ڕێزگرتن لەو و سەرجەم قوربانیانی قەتڵە ناموسییەکان لە سەرتاسەری دنیادا، پەیمان ئەدەین تا لە بەرانبەر هەر جۆرە قەتڵ و جەنایەت و بێدادی و هەڵاواردن و ئاپارتایدێکدا بوەستینەوە و تا گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی بەدوور لە هەر چەشنە زوڵم و نا یەکسانییەکاندا لە خەبات نەوەستین. دیارە تا کاتێک کە ناکۆکی کار و سەرمایە، چەرخەی بەرهەمهێنانی نایەکسان و هەڵاواردن و ئەسڵی لە پێچران نەهاتوی سەرمایەداری لە ئارادا بێت، ئەگەری ڕوودانی ئەم جۆرە تراژیدی و جەنایەتە چارەهەڵنەگرانە لە ئارادایە، کەوایە، دەبێ بۆ ڕیشەکێش کردنی ئەو جۆرە جەنایەتە ڕێکخراوە، هەموو توانایی خۆمان بۆ خەبات دژبەم ساختارە دژی ئینسانییە بەکار بێنین وبە وشیاری خۆمان و ئەوانی تر دژبە هەر جۆرە ستەمێک بوەستینەوە و بۆ دامەزراندنی دنیایەکی باشتر و دنیایەکی بەدوور لەهەر چەشنە توندوتیژییە، لە هەموو ئامرازەکان بۆ ڕێکخستنی سەرجەم زۆرلێکراوان و چەوساوان کەڵک وەربگرین."

توێژینەوەکان دەری دەخەن کە لە هەر دوو ژن کە لە ئێران دەکوژرێن یەکێکیان قەتڵی ناموسییە. کۆماری ئیسلامی و یاساکانی بە کردەوە هاندەری ئەم جەنایەتەیە. فەرهەنگی پیاوسالارانە، کە لە ئیسلامدا ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە و ناوەندی یاسا دانانە لە کۆماری ئیسلامیدا، دەوری سەرەکی هەیە لە ڕەواجدان بەمجۆرە وەحشیگەریانە. ئەگەر هەژاری، کۆمەڵگەی قەیران لێدراو، زیاتربوونی نەزانی و خورافەی مەزهەبی، فەرهەنگی خێڵەکی و شتی لەم چەشنە لە دروست کردنی فەزای دژبە ژن لە کۆمەڵگەدا دەوریان هەیە، بە گشتی لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە دروست کراون و پەرەیان پێدراوە. بەڵام ئەم ڕژیمە سەرمایەدارییە مەزهەبییە بە شێوەی ڕاستەوخۆتر دەستی هەیە لەو هۆکارانەی دەبنە سەرچاوەی قوربانی بوونی ژنان.



هەڵسووڕاوان و بەشداربووان لە شۆڕشی" ژن، ژیان، ئازادی" دا، بە دروستی خوازیاری ڕوخانی کۆماری ئیسلامین وەک ڕێگە خۆشکەری هاتنە ئارای کۆمەڵگایەک کە شۆڕاکانی پێکهاتوو لەو ژن و پیاوانەی بەڕێوەی دەبەن. حاکمییەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان بەسەر کۆمەڵگادا ئیجازە ئەدات تا دەستی چەوسێنەرانی عەمامەدار و بێ عەمامە ئێرانییەکان لە بڵاوکردنەوەی خورافە، کورت بکرێتەوە، ئەو چەوسێنەرانەی کە تەنیا لە باروودۆخی بوونی دواکەوتویی، چەند بەرەکی و دیکتاتۆرپەدا ئیمکانی تاڵانکردنی دەستکەوتەکانی هێزی کار و سەروەتی کۆمەڵگایان هەیە.

یادی سەرجەم قوربانیانی فەرهەنگی دژە ژن و نا مرۆڤانە، بەرز و بەڕێز بێت. ئەم یادانە دەستمایە و تۆشووی ڕێگای خەباتێکن کە ئەم مشەخۆرانە و فەرهەنگەکەیان لە ئاستی کۆمەڵگای ئێراندا دەسڕیتەوە.

## وتوێژی پێشڕەو سەبارەت بە پرسی هۆشیاریی، ڕێکخراوبوون و ڕێبەریی، لەگەڵ هاووڕێ جەماڵ بوزورگپوور

**درێژەی لاپەڕی ٤:**

لە کۆمەڵگای چینایەتیدا کە لەسەر بنەمای ستەم و نابەرابەری دامەزراوە، کسانێک هەن کە پارەیان هەیە، ڕاگیاندنیان هەیە، پشتیوانی دەرکییان هەیە و هەروەها لەسەر، فەرامۆشی مێژوویی و دواکەتوویی و خۆشباوەڕی لەنێو بەشی هەرەزۆری کۆمەڵگاش حیساب دەکەن، لەوانە گرنگتر مەجالیان هەبووە کە خۆیان ڕێکبخەن و سازمانیان هەیە، دیارە ئەم کەسانە چ وەک تاک و چ وەک ڕێکخراو لە گەڵێک ئیمتیاز بۆ بوون بە ڕیبەر و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی بەهرەمەندن. بەڵام ئەمانە ناڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە هەلومەرجی ژیان پێک ناهێنن، چون گرفتی سەرەکی ئەوان ژیان نییە، بەڵکوو لە باشترین حاڵەتدا هەندێک دەستکاری ئەو سیستەم زاڵمانەی ئەمڕۆ دەکەن. بەڵام بزوتنەوەکە بۆ تێکدانی سیستەم کەسەر بناغەی زوڵم و ستەم و نابەرابەری بونیاد نراوە، بۆ سەرلەنوێ گەڕانەوەی ژیانی ئێسانی، بۆ ئازادی و عەداڵەتی کۆمەڵایەتی هاتووەتە ئاراوە.

دەرفەتێکە بۆ ئەوەی کە بەشی زۆری کۆمەڵگا کە تا ئێستا کەس حیسابی بۆ نەدەکردن، خۆیان خاوەن بڕیاری خویان بن. هیچ بەڵگەیەکی ڕوونمان لەبەردەستدا نییە کە بیسەلمێنێت ئەوانەی وا ستەم و نابەرابەری و بێ مافی لەسەر شانیان قورسایی نەکردووە، دەتوانن ئەمڕۆ ببن بە هێزی ڕزگاریبەخشی هەموو ئەو کەسانە کە لەژێر باری سیستەم و مناسباتەکەیدا پشتیان چەماوەتەوە و ژیانیان لێبووە بە جەهەنەم، کەوابوو ڕوانگەکەی تر باوەڕی بەو هێز و لایانە نییە کە تەنیا دروشمی بریقەدار بەرز دەکەنەوە، بە پێچەوانەوە باوەڕیان بە هێزی خۆیان هەیە کە دەتوانێت شێلگیر بێت لەسەر سەلماندنی مافەکانی و تەنیا هێز بێت بۆ پاراستنی و بەرەوپێشچوونی.

ڕێگاچارەش لە هەنگاوی یەکەمدا لە ڕێکخراوبوونداییە کە پێشتر باسمانکرد. لەم ڕێگایەوە هاوکات ڕێبەرانی بزوتنەوە کۆمەلایەتییەکان سەرهەڵدەدەن و پێش دەکەون و دەبن بە جێی باوەڕی جەماوەری تینووی ئازادی و بەرابەری. وتمان با بەشێوەیەکی پراکتیکی چاو لە بابەتەکە بکەین. ڕاستە کە بزوتنەوەی ژینا ڕێکخراوی سەراسەری و ڕیبەریی سەراسەری نییە بەڵام ئەم ڕاستییە بەو مانایە نییە کە هیچ چەشنە لە ڕێبەرییەک بوونی نییە. لە ڕاستیدا لە ناخی بزوتنەوەیەکدا کە پتر لە ٩ مانگە ساحەی سیاسی ئێرانی هەژاندووە،نابێت ڕێبەریی نەبووبێ. بەڵام ئەبێ ئەوە بزانین کە ڕێبەریەکەی بابەتی و کاتییە، یانی لەسەر هەربابەتێک و لە هەر کاتێکدا ڕێبەریی خۆی هەیە. ئەمە بە مانای لاوازیی بزوتنەوەکە نییە بەڵکوو ڕەوتی شۆڕشی جەماوەری بۆ ڕێبەریکردن سەرەتا ئاوا دەچێتە پێشەوە، ئەڵبەتە ئەگەر ڕێبەریی تاشراو و ئامادەکراو لەبەرچاو نەگرین، ڕێبەریی شۆڕش تەنیا لە ڕەوتێکی ئاوادا شکڵ دەگرێت و دەتوانێت کاریگەری هەبێت.

شۆڕشی ژینا تا ئەمرو ئەم مۆدێلەی هێناوتە ئاراوە. بەڵام دیارە ئەمەش تەواو نییە و دەبێ ورده ورده بەرەو ئەوە هەنگاو بنێت کە ڕێبەریی بابەتی و کاتی بگوازێتەوە بۆ ڕێبەرییەکی گشتی و بەردەوام. دیارە ئەوەش بە ئیرادە ناکرێت و دەبێ ڕەوڵیی سروشتی خۆی بپێوێت. پەرەپێدان بە بزوتنەوەی داخوازییەکان بێ وەستانەوە دەتوانێت لە ئاوا ڕێگایەکدا یاریدەدەر بێت. لە سەر ئەم بناغەیە دەبێ هەوڵبدرێ بابەتەکانی پێوەندیدار بە ژیان و مافی بەشی زۆری کۆمەڵگا ڕوون بکرێتەوە بە جۆرێک کە هەموو کەسێک ئەمڕۆ و داهاتووی خۆی تێدا ببینێتەوە، خۆی بە بەشێک لەم بزوتنەوەیە بزانێت. جگە لەمە دەبێ هەوڵبدرێت پێ بە پێی گەشەی بزوتنەوە داخوازییەکان، ئەم هێزە لە بورای جیا جیادا بە هەر شکڵ و بە هەر رادەیەک کە ئیمکانی هەیە ڕێک بخرێن. گۆمان لەوەدا نییە کە دەسەڵاتی داهاتو لەسەر بنەمای کاری ڕێکخراوی ئەمڕۆ دەتوانێت سەقامگیر بێت. ئەمە کاریگەرترین ڕێگایە بۆ خۆ ئامادەکردن بەرانبەر بە پەلاماری کۆماری ئیسلامی.

# ڕابینسۆن کرۆزۆ، ڕۆمان یان ئابووریی

ن. سەلام قادری

ڕەنگە بۆ هەموو خوێنەرێکی کتێبی «کاپیتاڵ» جێگەی سەرنج بێت بۆچی کارڵ مارکس لەم کتێبەدا هێندە ئاماژە بە کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانی « رابینسۆن کرۆزۆ» دەکات. لەم دەقەدا سەرەتا کورتەیەک لە چیرۆکی ڕابینسۆن کرۆزۆ دەخەمەڕوو، پاشان پێداچوونەوە بەو چەمکە ئابوورییانە دەکەم کە لە چیرۆکی ڕابینسۆن کرۆزۆدا شاراوەن.

چیرۆکەکە چییە؟

«ڕابینسۆن کرۆزۆ» ڕۆمانی «دانیال دیفۆ»یە و بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٧١٩دا چاپکراوە، چیرۆکی گەنجێکە بە ناوی ڕابینسۆن کرۆزۆ کە بە پێچەوانەی خواستی بنەماڵەکەی دەست دەکات بە گەڕان بە جیهاندا. دوای ماوەیەک سەرگەردانی و بەدبەختی لە دەریادا، کرۆزۆ خۆی لە دوورگەیەکی چۆڵی کاریبیدا دەبینێتەوە، لەبەر ئەوەی کەشتیەکەی نوقم بووە. سەرەتا بە تەنیا و بێهیوا، بە بەکارهێنانی ئیمکانات و خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگە، فێری مانەوە دەبێت. پەناگەیەک دروست دەکات و فێری ڕاوکردن و کشتوکاڵ دەبێت و لە کۆتاییدا ئاژەڵەکان ڕام دەکات. چەند ساڵێک لەو دوورگەیە بەسەر دەبات و پەرە بە تواناکانی دەدات و پشت بەخۆی دەبەستێت. دوای زیاتر لە دوو دەیە لە دوورگەکەدا، کرۆزۆ بەڵگەی ئەوە دەدۆزێتەوە کە مرۆڤخۆرەکان دوورگەکە وەک خاکی خۆیان بەکاردەهێنن. یەکێک لە قوربانییەکانیان دروست لەوکاتەدا خەریکە سەری ببڕن و بیخۆن، خۆی ڕزگار دەکات و لە کۆتاییدا کەسانی تر ڕێیان دەکەوێتە دوورگەکە و ڕزگاری دەبێت و دواجار دوورگەکە دەبێت بە جێی نیشتەجێ بوون و گەلێک داهاتی بۆ ڕابینسۆن دەبێت.

نووسەری ئەو چیرۆکە کێ بووە؟

دانیال دیفۆ نووسەر و ڕۆژنامەنووسێکی ئینگلیزی لە ساڵانی ١٦٦٠ تا ١٧٣١، بە ڕۆمانی «ڕابینسۆن کرۆزۆ ناسراوە و بە یەکێک لە گەورەترین ڕۆماننووسەکانی ئینگلیزی دادەنرێت. دیفۆ چیرۆک و برۆشووره سیاسییەکان و وتاری ڕۆژنامەوانی دەنووسی. شێوازی نووسینی ناتۆرالیستی بوو و زۆرێک لە وردەکاری و بەسەرهاتەکانی لە چیرۆکەکانیدا دەهێنایە باس. دیفۆ هەروەها لە سەر بابەتگەلی جۆراوجۆری وەک ئابووری، بازرگانی، لێبوردەیی ئایینی و پرسە کۆمەڵایەتییەکان وتاری دەنووسی. ڕابینسۆن کرۆزۆ وەک بازرگانی کۆیلە دەستی پێکرد، زیدەبایی ئەوانی دیکەی بەکاردەهێنا بۆ بەدەستهێنانی سامان. دیفۆ لە ڕابینسۆن کرۆزۆدا باس لەوە دەکات کە چۆن ئینگلیزییەکی سەدەی حەڤدەهەم سەرمایەی کۆکردەوە و هێزی کاری ڕێکخست بۆ ئەوەی لە بەرازیل و کاریبیدا کاری بۆ بکات. بەڵام چیرۆکی ڕاستەقینەی ڕابینسۆن کرۆزۆ چیرۆکێکی کۆیلایەتی، کوشتن و هێزیشە. ڕابینسۆنی ئەفسانەیی وەک تاکێکی خۆبژێو وێنا دەکرێت. بەڵام بەشێکی زۆری چیرۆکەکە، تەنانەت دوای نوقمبوونی کەشتییەکەش، ئەو وەک پیاوێکی وابەستە پیشان دەدات کە سەر بە کۆمەڵێکی گەورەترە و هەمیشە پشت بە هاوکاریی ئەوانی دیکە دەبەستێ. ئەو هیچ کەشفێکی سەربەخۆ ناکات بەڵام هەندێک شتی ئاشنا دەدۆزێتەوە، میوە، لیمۆ، پرتەقاڵ، تووتن و ترێ و هتد... بۆ ئەوەی کەڵەکەبوونی سەرمایەداری کار بکات، پێویستە دوو جۆری جیاوازی مرۆڤ لە بازاڕدا (و دواتر لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا) کۆببنەوە. لە لایەک کەسی خاوەن پارەی تامەزرۆی زیادکردنی سەرمایەکەی بە کڕینی هێزی کاری ئەوانی تر، لە لایەکی دیکەوە کرێکاری ئازاد بەبێ پابەندبوونی پێش سەرمایەداری. لە کۆتایی چیرۆکەکەدا ڕابینسۆن توانیویەتی زۆر شت کۆبکاتەوە. سامانی نوێ لە ئابووری دوورگەکەیەوە بۆ گەشەی کێڵگەکەی زیاد دەکات. ئەوە ڕاستە کە ئەو ناچار بوو بەرگەی ماوەیەکی دوور و درێژی گۆشەگیری بگرێت، بەڵام هەر دووبەشی تەنیایی و دواتریش ڕزگاربوونی سروشتی کۆمەڵایەتی بەرهەمهێنان دەردەخات هەروەک پەیامی ڕاستەقینەی چیرۆکەکەیە. وەک لە چیرۆکەکەدا دەردەکەوێت، لە پێوەندییەکانی سەرمایەداریدا مرۆڤەکان بەسەر دوو گروپدا دابەش دەبن: ئەوانەی کار دەکەن و کەم وەردەگرن و ئەوانەی کە وەک




ڕابینسۆن سامان کۆدەکەنەوە و هەمیشە دەتوانن پێش بکەون. وەک چۆن پەیوەندی نێوان سەرمایە و کار، لەسەر بنەمای دابەشبوونی کارە لە نێوان چینە باڵادەستەکان و خوارەوەکاندا: لایەنێک بیرکردنەوە، پلاندانان، و ڕێکخستن دەکات، لایەنێکیتر کارەکە ئەنجام دەدات. چونکە پێکهاتە و پاداشت نایەکسانن، دەبێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە بپارێزرێن، جا ئەو بەکارهێنانەی هێز چ توندوتیژیی پێکهاتەیی واتە هەژاری بێت، چ توندوتیژیی ڕەمزی بێت لە بە کۆمەڵایەتیکردنی ئەو پێوەندیانە، یان دواجار توندوتیژی جەستەیی شەڕ و ئاشتی.

لێرەدا پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە کە بۆچی ساڵانێ کە بە تەنیا بوو، هیچ تەماحێکی نەبوو؟، مارکس لە ئیشارە بەم چیرۆکە لە کتێبی بە ناوبانگی «کاپیتاڵ»دا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە زێدەبایی تاکە پێوەر و سەرچاوەی سامانی سەرمایەدارییە. بەبێ زەحمەتی کەسێکی تر بۆ کۆنترۆڵکردن، سیستەمی بەهای سەرمایەدار لەناودەچوو؛ هیچ تینوێتییەکی بێ سنوور بۆ هێزی زیادە لە سروشتی خودی بەرهەمهێنانەوە سەریهەڵنەدا، واتە سەرمایەدارەکان نوێنەرایەتی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی دەکەن بەسەر ئەوانی تردا و ئەگەر ئەوان وەک ڕابینسۆن بە تەنیا بمێننەوە سەرمایەی هاوبەشیان هیچ مانایەکی نییە. ڕابینسۆن لە دوورگەکەدا کەوتە ناو ئەو هەڵکەوتەیە کە لەم ڕاستییە تێبگات، بۆیە کاتێک جار جارە دەچوو شتێک لەناو کەشتییە تێکشکاوەکە هەڵبگرێت، کە چاوی بە زێر کەوت هەڵی نەگرت و بە بزەیەکەوە وتی ئیتر سوودی نییە، یان ئەو کاتەی بە ڕێکەوت لە دوورگەکە فێری کشت و کاڵ بوو دانەوێڵەی زیادی بوو، گەنمەشامی زیاتری نەچاند چوونکە کەس نەبوو پێی بفرۆشێ و لە بەشی خۆی زیاتر هەرچی بچاندبا بێسوود دەبوو. بەڵام لە هەمان کاتدا ڕابینسۆن ئاگاداری گرنگی ئەو کەرەستانەیە کە لە کەشتییە تێکشکاوەکە وەریگرتووە.

بۆ نموونە لە دوورگەکەدا دەڵێت «دەبوو چیم بکردایە بەبێ دەمانچە، بێ تەقەمەنی، بەبێ ئامێری دروستکردنی هەندێک شت و بەبێ جل و بەرگ؟ واتە ئەو ئەو کاتەش کە بە تەنیایە دیسان لە ڕێگەی یارمەتی ئەوەی لە وجوودی ئەوانیتر لەگەڵیدایە زیندووە، لە ڕێگەی ئەو خواردەمەنی و ئامێرانەی کە هیچ نین جگە لە کاری مردووی مرۆڤی تر لە جەستەی کاڵادا. تەنانەت تێگەیشتن لە گرینگی کشتوکاڵ بەڕێکەوتە. لەنێو ئەو شتانەی لە کەشتییەکە هێنابووی، کیسەیەکی بچووکی گەنمەشامی هەبوو، ڕابینسۆن کە جگە لە توێکڵ و تۆز لە کیسەکەدا هیچی دیکەی نەبینی و بۆ مەبەستێکی دیکە پێویستی پێی بوو، تۆوەکانی لەسەر زەوی پژاند. دوای مانگێک یان زیاتر، تەنانەت بیری نەدەهات لەوێ شتی وای پژاندووە. سەری سوڕما کە بینی گەشە دەکەن. ئەو کاتێک گەیشتە دوورگەکە یەکەم کاری دروستکردنی قەڵایەک بوو بۆ خۆی. خۆپارێزییەکانی لە ماوەی یازدە ساڵی یەکەمی تەنیاییدا سەرسوڕهێنەرن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەم ساڵانەدا هیچ مەترسییەکی لەلایەن ئاژەڵە کێوییەکان و زیندەوەرانەوە لەسەر نییە. کێشەی سەرەکی ئەو لە باڵندەکانەوە سەرچاوە دەگرێت کە تۆوەکانی دخۆن و بۆ ئەم کێشەیە تەقە لە چەند دانەیەکیان دەکات. لە درێژەدا ئاوا دەیگێڕێتەوە: «من هەڵمواسین و خزمەتم پێکردن وەک چۆن ئێمە لە ئینگلتەرا خزمەت بە دزە بەدناوەکان دەکەین، بە زنجیر هەڵیان دەواسین بۆ ئەوەی ببن بە وانە بۆ کەسانی دیکە. بە کورتی کاتێک بە تەنیا بوو هێزی بزوێنەری سەرمایەخوازی لەناو چووبوو، خولیای کەڵەکەبوونی سامانی نەمابوو، تەنیا دەیویست خۆی بپارێزێت.

دیفۆ جەختی لەوە کردەوە کە لە وەسفکردنی ڕابینسۆن کرۆزۆدا، تەنیا باسی پیاوێکی نەکردووە کە بە هەڵە گۆشەگیر دەبێت بەڵکوو وێنایەکە لە ژیانی هەمووان لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا. واتە تاقانە و هەژار و نادڵنیا و ترساو. گۆشەگیرییەکە لە مێشکی ڕابینسۆن کرۆزۆدا چڕترە لە دۆخی ڕاستەقینە. تاککەوتنی مرۆڤ لە سەرمایەداریدا بەردەوام بەرهەمدێتەوە و دووبارە دەبێتەوە. لە ڕۆژگاری ئێمەشدا پاراستنی خۆ بە بەرگریی مەدەنی تایبەت بە خاوەندارێتی و لە ڕێگای چەکەوە هێمایەکە کە ئەوە دووبارە دەکاتەوە. لە لایەکی دیکەوە نابێت کۆلۆنیالیزم پشتگوێ بخرێت. ڕابینسۆن سەرەتای ڕزگاربوونی لە تەنیایی پێوەندی نایەکسان لەگەڵ ئەوانیتردا بەناونان و سوکایەتی بەو کەسەی ڕزگاری کردووە دەست پێدەکات. ناوی دەنێت هەینی، چوونکا ئەو کەسە کۆیلەیە لە ڕۆژی هەینیدا ڕزگاری بووە. ڕابینسۆن قەرزداری کەسە کۆیلەکراوەکەی لە ڕێگای ناونانیەوە کرد بە پێوەندی همیشەیی نایەکسان.

دەڵێت: «سەرەتا، وام لێکرد بزانێت ناوی دەبێت هەینی بێت، ئەو ڕۆژەی ژیانیم ڕزگارکرد.» بەراوردکردنی گوتاری پەنابەران و هاوچەشنی لە وشەی ڕزگارکردندا، جۆرێک هاوچەشنە لەگەڵ ئیدیعای ئیمپریالیستەکان سەبارەت بە پاراستن، بیر دە هێنێتەوە.

# پەنابەران لە هەرێمی کوردستانی عێراق - ئاسۆی لێڵی خەونەکان

**ن. زانا سەعیدزادە**

هیوای گەیشتن بە ژیانێکی باشتر لە وڵاتێکی تر؛ پرسێکە کە لە ساڵی ۲۰۲۲دا بۆتە هۆی گیان لەدەستدان و بێسەروشوێن بوونی نزیکەی ۲۴۰٦ کەس.

ڕەنگە کۆچی نایاسایی تاکە هیوایەک بێت بۆ ئەوانەی کە دەبنە قوربانی سیستەمی تۆتالیتاری و ئاپارتاید و کولتووری کۆنەپەرستانەی زاڵ بەسەر حوکمڕانی کۆمەڵگاکەیاندا. ئەوانەی پێیان دەوترێت "پەنابەر". بەگوێرەی ڕێککەوتننامەی ژنێڤ، پەنابەر کەسێکە کە "بەهۆی ترس لە ئازار و ئەزیەت، بەهۆی ڕەگەز، ئایین، نەتەوە، ئەندامێتی لە گروپێکی کۆمەڵایەتی یان بیر و بۆچوونی سیاسی دیاریکراو، لە دەرەوەی ئەو وڵاتەکەی خۆیدا دەژی و ناتوانێت یان بەهۆی ئەو ترسەوە نایەوێت ئیدیعای پشتگیری لەو وڵاتە بکات."

پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە

ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ۲۲ی ڕێبەندانی ساڵی ۱۳۵۷دا بە دەسەڵات گەیشت. هەر لە سەرەتای هاتنە سەر دەسەڵاتەوە هەوڵی چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆیداوە لەڕێگەی لەناوبردنی نەیارەکانی خۆی بەشێوازی جۆراوجۆر. ئەو زنجیرە کردەوانەی کە هەر لە سەرەتای بە دەسەڵات گەیشتنەوە دەستی پێکردووە و تا ئێستاش بەردەوامە و لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنی ڕژێمەوە بە "جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران" ناسراون. ئە کردەوانە، کە بریتین لە لەسێدارەدانی بەکۆمەڵ، جۆرەها تیرۆر لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات، کوشتن و تاوانی جەنگ لە ناوچەکانی وەک کوردستان و بەلوچستان، زیندانیکردنی درێژخایەن و ئەشکەنجەی ترسناک، بێبەشکردن لە خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و دامەزراندن، سەرکوتی دڕندانە بە چەکی نیزامی لە شەقامەکان و هتد... هەمیشە وەک هۆکارێک بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران دەسەڵاتێکی جینایەتکارە، لەبەرچاو دەگیرێن. بەپێی داتاکان، ۱۳٦۳۱ ڕاپۆرت لە ناوەندی ئامار و چاپ و بەرهەمی چالاکانی مافی مرۆڤ لە ئێران تۆمارکراون. بەگوێرەی ئەو ڕاپۆرتانە لە ساڵی ۱۴۰۱ هۆکاری دەستبەسەرکردنی ۲۹ هەزار و ٦۸۸ هاووڵاتی لە ئێران، بنەمایەکی ئایدیۆلۆژی سیاسی هەبووە و زۆربەی ئەو کەسانەش لە جەریانی ناڕەزایەتییەکانی ناسراو بە ئاخێزی ژن، ژیان، ئازادی، دەستبەسەر کراون، جگە لەو حاڵەتانە، ۳٤ کەسیش بەهۆکاری پەیوەندیدار بە شێوازی ژیانیانەوە دەستبەسەر کراون.

کوردستان

خەباتی خەڵکی کوردستان بۆ ناساندنی شوناسی نەتەوەیی و کولتووری و لابردنی هەڵاواردنەکانی پەیوەست بەو پرسەوە لە لایەن حکوومەتی ناوەندییەوە، هەمیشە بووەتە هۆی ناکۆکی خوێناوی لە نێوان لایەنەکان لە سەردەمی هاوچەرخدا و حکوومەتیش بەردەوام هەوڵیداوە بە نکۆڵیکردن لە ناسنامەی نەتەوەیی "کورد" و دابەزاندنی ئەو پرسە بۆ ئاستی "قەومی کورد" و ئاسمیلەکردنیان کۆتایی بەم خەباتانە بهێنێت. ئەمەش بۆتەهۆی سەرهەڵدان و شکڵگرتنی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە لە کوردستان.چ لە سەردەمی پەهلەوی و چ لە ڕژێمی ئێستای کۆماری ئیسلامی ئێراندا، حکومەت بەردەوام لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی بە جوداخواز و پەیوەندی لەگەڵ لایەنە دەرەکییەکان تۆمەتبار کردووە و وەک نەیار چاوی لێ کردوون. لەژێر ئەم پاساوەشدا گەلێک تاوانیان لە چوارچێوەی ئەو ناوچانەی کە بە کوردستانی ئێران ناودەبرێن، ئەنجام داوە.

زیندانیکردن و ئەشکەنجەدان و تەنانەت لەسێدارەدانی هەڵسووڕاوانی چەپ و ئازادیخواز لە سەردەمی ڕژێمی پەهلەوی و دواتریش کوشتاری خەڵکی کوردستان لە ڕووداوەکانی وەک "نەورۆزی خوێناوی"، "شەڕی ۲٤ ڕۆژە"، "کۆمەڵکوژی گوندی قارنا و قەڵاتان"، "ئێعدامەکانی فرۆکەخانەی سنە"، "لە سێدارەدانی 59 لاوی" مەهابادی" لە زیندانی تەورێز، تیرۆرکردنی "غوڵام کەشاوەرز" لە قوبرس، تیرۆرکردنی "سەدیق کەمانگەر" لە کوردستانی عێراق، تیرۆرکردنی "عەبدولڕەحمان قاسملوو" لە ئوتریش، تیرۆرکردنی "سادق شەرەفکەندی" و هاوڕێکانی لە ڕووداوی میکۆنۆس لە ئەڵمانیا و کوشتنی زۆرێک لە گەنجانی کوردستان لە دادگاکانی شۆڕش لەلایەن دادوەری شەریعەت "خەڵخاڵی" لە دادگاییکردنێکی چەند خولەکێکدا، لەلایەن ڕژێمی کۆماری ئیسلامییەوە، تەنها بەشێکن لە مێژووی پڕ لە تاوانی هەردوو ڕژێمی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی، لە کوردستان.درێژەدان بە خەباتی خەڵکی کوردستان لەدژی نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێران نەک تەنیا دبێتە هۆی زیندان و ئەشکەنجەی هەڵسووڕاوانی سیاسی، بەڵکوو ئەو تێکۆشانە دەتوانێ ببێتە هۆی گیان لەدەستدانیان. ئەم بابەتە و چەندین هۆکاری تر دەبێتە هۆی پەنابردنەبەر بڕاردەیەک کە پێی دەوترێت کۆچی زۆرەملێ و پەنابردنەبەر وڵاتانی دیکە. نزیکترین وڵات لە سنوورەکانی کوردستانی ئێران، عێراق و هەرێمی کوردستانە کە بووەتە پەناگەی ئاوارەکانی دراوسێی ڕۆژهەڵاتی خۆی.

دۆخی ئاوارەکانی ئێران لە هەرێمی کوردستان

نووسینگەی کۆمیسارایی باڵای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەرێمی کوردستان دەکەوێتە هەرسێ شاری هەولێر و سلێمانی و دهۆک. لە ساڵی ۲۰۲۱دا نزیکەی ۳۰ هەزار پەنابەری کوردی ئێرانی چاوەڕێی گواستنەوەیان بۆ وڵاتێکی سێهەمی ئەمن لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بوون، چاوەڕوانییەک کە نەک هەر هەرگیز بەدی نەهات، بەڵکوو لە ڕاستیدا ناونووسین لە کۆمیسارایەی باڵای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان،




هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبووە لەسەر ژیانی پەنابەرانەی ئەم ناوچەیە.بارمەتییەکی مادی بچووک و پچڕ پچڕ لە ماوەی ٦ مانگ یان ساڵێکدا و هەندێک جار بە تەئخیرێکی زیاتریشەوە، دەدرێتە پەناخوازان. هەبوونی وەرەقەی تۆمارکردن لە دەزگای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانێت دەرفەت بدات بە کەسی پەناخواز بۆ وەرگرتنی ئیقامەیەکی یەک ساڵە لە هەرێمی کوردستانی عێراق، ئیقامەیەک کە دەبێت هەموو ساڵێک نوێ بکرێتەوە و جگەلەوەش تەنانەت ناتوانێت لە خاکی هەرێمی کوردستانەوە پێی بچێت بۆ شارەکانی تری عێراق. هەبوونی ئەم کارتانە هەرگیز نابێتە هۆی دەرکردنی بەڵگەنامەی گەشتی پەنابەران بەپێی ڕێککەوتننامەی ژنێڤی ساڵی ۱۹۵۱. کۆنڤانسیۆنێکی کە عێراق تێیدا ئەندام نییە. لە هەمان کاتدا وەرگرتنی ئیقامە لە خاکی هەرێمی کوردستان بە مانای کۆتایی هاتنی هەڕەشەکان لەسەر ژیانیان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە نییە.

لە مانگی ڕەشەمەی ساڵی ۱۳۹٦ تا کۆتایی ساڵی ۱۴۰۱ لانیکەم ۷ حاڵەتی تیرۆر و ڕفاندنی پەنابەرانی سیاسی لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە لە هەرێمی کوردستان ڕوویداوە. ۱۰-۱۲-۱۳۹٦؛ سەباح ڕەحمانی، کە لە کاتی تەقینەوەی بۆمبێکی چێنراودا لەگەڵ سەلاح ڕەحمانی باوکیدا بە سەختی بریندارببوو، ڕۆژی ۱۱ی ئازاری هەمان ساڵ، بەهۆی سەختی برینەکانییەوە، لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی هەولێر گیانی لەدەستدا. ۱۵-۱۲-۱۳۹٦؛ قادر قادری، یەکێک لە کادرە دێرینەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە گوندی هێرتێل سەر بە قەزای ڕانیە لە پارێزگای سلێمانی تیرۆرکرا. حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕایگەیاند، ۲۰ فیشەک بەر ئۆتۆمبێلەکەی قادر قادری کەوتووە و تەرمەکەی لە تەنیشت ئۆتۆمبێلەکەیدا دۆزراوەتەوە. ۲۷-۵-۱۳۹۷؛ ئیقبال مورادی چالاکی سیاسی کورد و باوکی زانیار مورادی زیندانی سیاسی لەسێدارەدراو لە کوردستانی عێراق تیرۆر کرا. ۳-۳-۱۴۰۰؛ بێهزاد مەحموودی، پەنابەرێکی کوردی ئێرانی کە لەبەردەم نووسینگەی کۆمیسارایای باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا، گیانی لەدەستدا. ناوبراو لە بەردەم بینای نووسینگەی کۆمیسارایای باڵای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەهۆی خراپی دۆخی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق و نەبوونی مافی مانەوە لەم وڵاتە و وڵام نەدانەوەی نووسینگەی کۆمیسارایای باڵای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئاگری لەجەستەی خۆی بەردا. ۱٦-۵-۱۴۰۰؛ موسا باباخانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە یەکێک لە هۆتێلەکانی شاری هەولێر لەلایەن بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامییەوە تیرۆر کرا. بە وتەی بەرپرسانی حیزبی دێموکرات، زیاتر لە ۲۰۰ ئەندام و کادیری ئەم حیزبە لە عێراق تیرۆر کراون. ساڵی ۱۴۰۱- پڕاز مەلەکی، نووسەر و چالاکی سیاسی کورد، کە لە هەرێمی کوردستان دەژی، لەگەڵ دەستپێکردنی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانی ئابانان لە سەردەمی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادیدا، چەندین جار هەڕەشەی "تیرۆر" و "ڕفاندن"ی لێکراوە. هەر لە ۱۴۰۱دا- شۆڕش نەزەری یەکێک لە چالاکانی سیاسی ئیلامیش هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی ئابانان لە سەردەمی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی، لە هەولێری پێتەختی کوردستان کرایە ئامانجی تیرۆر و ڕفاندن، بەڵام توانی خۆی ڕزگار بکات.

دوای ڕاپەڕینی "ژن، ژیان، ئازادی"، گوشارەکانی ڕژێم بۆ سەر حکومەتی ناوەندی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی دەرکردنی لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی کورد کە بنکەکانیان لە هەرێمی کوردستانی عێراقە، هاوکات لەگەڵ شەپۆلێکی نوێی هەڕەشەی ڕفاندن و تیرۆری ئاوارەکان، بووەتە هۆی ئەوەی کە ئایندەیەکی نادیار چاوەڕوانیان بکات.

ئەگەر کۆمیسارایای باڵای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی دیکەی مافی مرۆڤ لە ئاست ئەم پرسە بێ کاردانەوە بن و چاوپۆشی لێ بکەن، ئایندەی ئەم پەنابەرانە لە ململانێی نێوان حکومەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و عێراقدا لێڵ و نادیار دەبێت.

# ئێـران لەگـەڵ قەیرانـی ئـاو و هاوینێکـی گـەرم بـەرەوڕووە

هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کە ڕۆژی سێشـەممە ٢٣ی مانگـی جۆزەردان بۆ ماوەی ٧٢ کاتژمێر ئاوی خواردنەوەی زۆرێـک لـە گەڕەکـی شـارەکانی ئوسـتانی مەرکـەزی، لەوانـە تـاران و کـەرەج بـۆ چوارەمیـن جـاری بـەردەوام بـڕاوە. لـە زۆربـەی گەڕەکەکانـی شاری کـەرەج بە تەنکـەر ئاویان دابەش کـردووە. هەواڵنێری دەوڵەتیـی ئیلنـاش لە زمـان یەکێک لـە کارناسانی بەشی ئاوەوە نووسیویەتی:" ئێمە نەک هەر قەیرانـی ئـاوی تارانمـان چارەسـەر نەکـردووە، بەڵکـوو ئوسـتانەکانی دیکـەی دەوروبەریشمان خراپ کرد و ڕۆژانـەش چاومـان لـە ئاسـمانە". ئێسـتا لـە سـەرودەمی هاتنـی وەرزی هاویندا نیگەرانییەکان سـەبارەت بە قەیرانـی ئـاو لـە سەرتاسـەری ئێراندا ڕوو لـە زیادبوونـە چونکـە ئێران لـە هاویـندا یەکێک لەگـەڵ دژوارترین دەورەکانـی کـەم ئـاوی بـەرەوڕوو دەبێتـەوە. کاربەدەسـتانی ڕژیـم لەپێوەنـدی بەپرسـی کەمبوونـی ئـاو دوو هـۆکار بـاس دەکـەن: یەکـەم، کەمبوونـەوەی ڕێـژەی بـاران باریـن و دووهـەم، بەکارهێنانـی زۆری ئـاو لـە کشـتوکاڵدا. هەڵبـەت هەردووکیـان ڕاسـتن، بـەڵام تەنیـا بەشـێکن لـە ڕاسـتییەکان. ئـەوان گرنگتریـن هـۆکاری کـەم بوونـی ئاویـان کـە بریتـی بێت لـە گەندەڵییەکـی جێگیربوو لـە سیسـتەمی بەڕێوەبەرایەتـی ڕژیمدا بـە تـەواوی لەبیـر کـردووە. سـەبارەت بەبابەتـی یەکەمیـان دەبـێ بپرسـین کـە چ کەسـانێک لـەڕووی نەزانـی و قـازانـج پەرسـتی، بوونەتـە هـۆکار تـا کـەم بوونـی بـاران باریـن، ئێران بەم شـێوەیە بەرەوڕووی کـەم ئـاوی بکاتـەوە؟ یەکێـک لـەم هۆکارانـە، خاڵـی کردنـی بـێ بەرنامـەی ئـاوی ژێـر زەوییـە کـە تەنانـەت بـە بـاران بارینـی زۆریـش پـڕ نەبۆتـەوە. بەپێـی ئامـارە دەوڵەتییـەکان ڕەقەمێکـی نزیـک بـە ملیۆنێـک بیـر لـە ئێرانـدا هـەن کـە تەنانـەت ئێزنـی هەڵکەندنیـان نییـە و زۆربەیـان یـان لـە ویلا و باخە گەشـتیاری و تایبەتییەکانی دەوڵەمەنـدەکان و سـەرمایەداران لـە گۆشـە و کەنـاری ئێرانـدا هەڵکەوتـوون. تەنیـا لـە سـاڵی ۱۳۸۹دا دەوڵەتـی مەحمـوود ئەحمـەدی نـەژاد بـە دانـی پێشـنیارێک بـە مەجلیـس ئیجـازەی هەڵکەندنـی بـۆ دەیـان هـەزار بیـرە ئـاوی نایاسـایی دەرکـرد.

سیاسـەتی گەیشـتن بـە خۆبژێـوی لەبەشـی کشـتوکاڵدا، بەبـێ لەبەرچـاو گرتنـی زیـان و دەرەنجامەکانـی، کەمتەرخەمـی و پڕۆژەی ناکارناسـانە و مافیـای پیشەسـازی و ڕانـت خـۆری سـپای پاسـداران و گەندەڵـی گەندەڵـی جێگیربـوو لـە دامـودەزگا دەوڵەتییەکاندا، بەگشـتی دەسـتیان دایـە دەسـتی یـەک و خەسـارێکی لەقەرەبـوو نەهاتوویـان بـە سـەرچاوە سروشـتییەکانی ئـاو گەیانـدووە و هاوسـەنگی ئیکۆلۆژیـک



و هاوئاهەنگـی توخمـە سروشـتیەکانیان تێکـداوە. ئـەم چەنـد نموونـەی خـوارەوە زۆر ڕوون و ئاشـکران: گـەورە تریـن کارگـە پیشەسـازییەکانی ئـاو لـە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاسـتیان نـەک لـە لێـوارەی دەریایـی باشـور، بەڵکـوو لـە بیابانەکانـی ناوەنـدی ئێرانـدا دروسـت کـردووە و بـە گواسـتنەوەی ئـاوی چۆمـی کاروون پـەرەی پێـدراوە. سـەددی گتوەنـد لـە باشـوری ئێـران سـەرەڕای تێچوویەکـی زۆر، بـە ملیـۆن میتـر سـێجا خوێـی کێوەکانـی دەوروبـەری سـەدەکەی لەخۆیـدا تواندۆتـەوە و بـە هـەزاران هێکتـار لـە باشـترین زەوییـە کشـتوکاڵییەکانی پشـت سـەدەکەی کردۆتـە شـۆرەکات. بـە وتـەی خـودی سـەرچاوە دەوڵەتییـەکان ٣٠ لەسـەدی ئـاوی نێـو تۆڕەکانـی لولەکەشـی شـار بەکردەوە لەنـاو دەچێـت و هیـچ هەوڵێـک بـۆ نـۆژەن کردنـەوەی لولـەکان نادرێـت. لـە حاڵێکـدا کـە دروسـت کردنـی بـێ بەرنامـەی سـەدە کارناسـی نەکراوەکان دەبنـە هـۆکاری وەشـک بوونـی دەریاچـەی ژیانبەخشـی ورمـێ، لـە هەمانحاڵـدا زیاتـر لـە ٣٠ لەسـەدی ئـاوە پاشـەکەوتکراوەکانی پشـت سـەدەکان کـە بـۆ کشـتوکاڵ بـەکار دێـن، بـە فیـرۆ دەچێـت. سـتانداردی جیهانـی بەفیـڕۆچوونـی ئـاو لـە کشـتوکاڵدا بـە شـێوەی مامناوەنـد ٦ لەسـەدە.

ڕاسـتییەکەی ئەوەیـە کـە تـا کاتێـک کـە ڕژیمـی سـەرمایەداری کۆمـاری ئیسـلامی لەسـەر کـارە و نـان، مەسـکەن و ئـازادی و ژینگـەی خەڵکـی بـە بارمتـە گرتـووە، ئاسـۆیەکی ڕوون بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەم جـۆرە گرفتانـەی کـە داوێنگیـری زۆربـەی خەڵکـی ئێـران بـووە، بوونـی نییـە. دەزگایەکـی گەندەڵـی ئیداریـی کـە ئـەم ڕژیمـە دایمەزرانـدووە، توانایـی بەرەنـگار بوونـەوەی لەگـەڵ زیانـە سروشـتییەکان لەوانە وشکەسـاڵی، چارەسـەری بنەڕەتـی و پێکهاتەیـی کەمبوونـی ئـاوی نییـە. بـۆ ئـەم ڕژیمـە ئەولەوییـەت، بـەردەوام سـەرکوتی خەباتـی عەداڵەتخوازانـە و ئازادیخوازانـەی خەڵـک و زیندانـی کردنـی نەیارانـی بـووە. ئـەم ڕژیمـە هیـچ داخوازییەکـی بەبـێ ئـەوەی کـە لـە لایـەن خەڵکـەوە هەسـت بـە مترسـی جـددی بـکات، دابیـن نـاکات. ئەگـەر دەسـەڵاتی سیاسـی بکەوێتـە دەسـت خاوەنانـی بەرحـەق و خـاوەن توانـای خـۆی واتـە کرێـکاران و شـۆڕاکانی سـەرچاوەگرتوو لـە ئیـرادی ئازادانـەی خەڵـک، لـە ئـاوا وڵاتێکـی دەوڵەمەنـد و خـاوەن سـەروەتێکی گـەورەی سروسـتی و هێزێکـی کـاری داهێنـەری لەبـن نەهاتـووی کـە هەیەتـی، بـێ گومـان کێشـە و گرفتەکانـی ژیانـی ئەمـڕۆی زۆربـەی خەڵـک کـە بـەم شـێوەیە وێرانیـان کـردووە، چارەسـەر دەبێـت.

## ماڵپەڕە حیزبیەکان

حیزبی کۆمۆنیست:

www.cpiran.net

کۆمەڵە:

www.komalah.org

پەیام ماڵپەڕی سیاسی هەواڵنێری:

www.payaam.net

یادی هاوڕێیانی گیانبەختکردوو:

www.yadihawrean.com

:Instagram

@Komalamedia

:Facebook

@Komalamedia

:Telegram

@Komalamedianetwork

کۆمەڵە
کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

Workers of all countries, unite!
PESHRAW
No: 430- June 2023
www.komalah.org
Fortnightly paper of the central committee of Komalah

# دەوڵەتانی ئوروپایی بەرپرسی کارەساتی نوقم بوونی ٥٠٠ پەناخواز لە ئاوەکانی مەدیتەرانەدان

هەواڵنێرییەکان ڕۆژی ١٤ی مانگی ژوئێن، بەرابەر لەگەڵ ٢٤ی مانگی جۆزەردانی ١٤٠٢، بڵاویان کردەوە کە ٥٠٠ پەناخواز، کە پێکهاتبوون لە دەیان منداڵ، لە لێوارەکانی یۆنان نوقم و یان بێ سەروشوێن بوون. ئەمانە بەشێک لەو ١١٠ ملیۆن ئاوەرەیە بوون کە دیکتاتۆری و هەژاری و بێکاری و شەڕ بەسەر مرۆڤایەتیدا سەپاندووە. بەپێی دوایین زانیارییەکان قاچاخچیانی بەگرێگیراو مەحکووم کرد.

دەوڵەتانی ئوروپایی چەندین ساڵە کە بە ملیارد دۆلار دەکەنە گیرفانی دەسەڵاتدارانی حاکم لە تورکیە و باکوری ئافریقا تا بەر بە هاتنی پەنابەران بەرەو ئوروپا، بە تایبەت ئوروپای ڕۆژئاوا، بگرن. هەرچی پەنابەر کەمتر لە سنورەکانی ئەو ولاتانەوە تێپەر بێت پارەی زیاتریان دەست دەکەوێ. لەگەڵ ئەوەدا دەوڵەتانی ئوروپایی بە وەرێخستنی



ڕۆژی ١٠ی مانگی ژوئێن نزیکەی ٧٥٠ پەنابەریان لە بەلەمێکی ماسی گرتنی کۆن و لە کارکەوتوو خزاندووە و ڕەوانەی ئیتالیایان کردوون. کەشتییە کۆنەکەی ئەم قوربانیانە لە نزیک کەناراوەکانی یۆنان بەرەوڕووی باهۆزێکی مەترسیدار دەبێتەوە. سەرنشینەکانی داوای یارمەتی لە گاردی ساحیلی یۆنان دەکەن، بەڵام هیچ یارمەتییەک نادرێن. تەنیا کاتێک کە هەواڵی کارەساتەکە بڵاو دەبێتەوە گاردی ساحیلی یۆنان بۆ نمایشدان و وەک دەرمانی پاش مەرگی سۆهراب وەخۆ دەکەون. خەڵکی ئازادیخواز و شەڕافەتمەندی یۆنان ڕۆژی هەینی دژبەم کەمتەرخەمییە بە ئانقەستەی گاردی ساحیلی یۆنان بۆ ڕزگارکردنی پەنابەران، خۆپیشاندنیان کرد و سیاسەتی دەوڵەتی یۆنان و باقی دەوڵەتانی ئوروپاییان سەبارەت بە پەنابەران تەبلیغاتی ژاراوی دژبە پەنابەران هەرجار ناجارێک یاساکانی پەنابەری دەژبە پەنابەران توندوتۆڵ تر دەکەن. سیاسەتوانانی خزمەتکاری خاوەن سەرمایەکان لە ئوروپای ناوەندی لە ڕابردوودا بە تاڵانکردنی سەروەت و سامانە سروشتییەکان و چەوساندنەوەی توندی هێزی ئینسانی، داسەپاندنی سەرەڕۆیی، دروستکردنی شەڕ و وێرانکردنی ژینگە و دانی بەمیلیارد دۆلار بەو وڵاتانەی کە ڕێگای تێپەڕ بوونی پەنابەرانن بەرەو ئوروپا، دەورێکی ڕاستەوخۆیان لە کوشتاری پەنابەراندا هەیە. با وەک نموونە سەرنجێک بدەینە" ڕێگا چارەی" جەنایەت ئافرینی یەکێتی ئوروپا:

یەکەم: گێڕانەوەی پەنابەران بەرەو ئەو وڵاتانەی لێیەوە هاتوون. زیاتر لە ٩٠ لەسەدی پەنابەران لە ناوچە شەڕ لێدراوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئافریقاوە دێن. ئەوان لە وڵاتەکانیشیاندا ئاوارە و بێ سەرپەنان. گەڕاندنەوەیان و سەرلەنوێ کردنەوەیان بە گەرووی مەرگدا.

دووهەم: توندبوونەوەی سیاسەتە دژی پەنابەرییەکانی وڵاتانی ئوروپایی. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە پەسندکرانی یەک لەدوای یەکی یاسا دژی پەنابەرییەکان لە ئوروپا تەنیا داوێنگیری پەنابەران نابێت. ئەم یاسا و سیاسەتانە لە هەمانحاڵدا ئەو وڵاتانە لە باری ئەخلاقیشەوە بەرەو دواوە دەگەڕێنێتەوە. ئەم ئاراستەیە ڕێگا بۆ بەدەسەڵات گەیشتنی حیزبە ڕاستڕەوەکانی تر خۆش دەکات. بە دەسەڵات گەیشتنی ئەم حیزبانە بە واتای ئەوەیە کە لە هەنگاوی دواتردا هێرش بکرێتە سەر هەموو ئەو دەستکەوتە ئینسانی و پێشڕەوانەی کە لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسیدا، لە ماوەی ساڵانێک خەبات و تێکۆشانی چینی کرێکار بەسەر دەوڵەتەکاندا سەپاوە. ئەم هێرشەش هەر ئێستا دەستی پێکردووە. زۆربەی خەڵکی وڵاتانی ئوروپایی و بەر لە گشتی چینی کرێکاری ئەو وڵاتانە قوربانیانی دواتری ئەو سیاسەتانەن. دەوڵەتانی ئوروپایی ئەگەر لە بەرەوپێش بردنی ئەم سیاسەتەدا سەرکەوتوو بن، مرۆڤایەتی لە خودی ئەو وڵاتانەشدا دەکەنە قوربانی.

سێیەم: داخستنی سنوورەکان و بەرتەسک کردنەوەی هەوڵی ڕزگارکردنی دەریایی بەو هۆکارەی کە ئەم خزمەتگوزاری و یارمەتیدانە دەبێتە هۆی هاندانی زیاتری پەنابەرانی تازە. یەکێتی ئوروپا بەپێی بڕیارێکی ڕەسمی لە هەوڵدایە کە چالاکی ڕزگار کردن بەرتەسک بکاتەوە. هیچ گومانێک لە دژی ئینسانی بوون و جەنایەتکارانە بوونی ئەم پاساو و سیاسەتە نییە. هێزی دەریایی و ئاسمانی ئوروپای تەیار بە پێشکەوتووترین تێکنۆلۆژی ئەم سەردەمە، چۆن ناتوانێ کۆنترۆڵی بست بە بستی دەریای مەدیتەرانە بکات. ئەوان دەتوانن هەموو بەلەمێک لەو شوێنەوە کە وەڕێ دەکەوێ تا گەیشتن بە شوێنی مەبەست بە وردی چاودێری بکەن و بەر لەوەی کە ئەو بەلەمانە بکەونە مەترسی نوقم بوونەوە، بچن بە هانایانەوە. بەڵام ئەوان بە ئەنقەست ئەم توانایییە بۆ ڕزگارکردنی گیانی پەنابەران بەکار ناهێنن.

دەبێ بە پشت بەستن بە هێزی خەباتی پێشڕەو و مرۆڤدۆستانە لە وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری دا، دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی ناچار بکرێن تا ڕێز لە مافی ئاوارەکان و پەنابەران بگرن. پێویستە خەبات بۆ دەستەبەرکردنی ژیانی مرۆڤ بۆ هەر تاکێک وەک مرۆڤێکی خاوەن مافە گشتگیرەکان و وەک هاووڵاتییەکی جیهانی لەوانەش مافی ژیان لە هەر بەشێکی ئەم جیهانە کە ئارەزووی بکات، پەرەی پێبدرێت.

## دواستون

### «دێموکڕاسی بێ کراس و کەوا»

ن. سەلام قادری

هەندێک ڕووداو و بابەت ڕوودەدەن کە زمان نایەتەگۆ بۆ باسکردنیان. بۆ نموونە کە کەسێک مادەی هۆشبەر بە دوور لە چاوی یاساو بە دزییەوە ئاڵ و وێر دەکات، پێی دەڵێین قاچاخچی، بەڵام ئەگەر کەسێک بە ئاگاداری دەوڵەت و هاوبەشی لەگەل دەوڵەت ئەو بازرگانییە دزێو و قیزەونەی کرد، دەبێ پێی بڵێین چی؟ لێرەدایە کە زمان دادەمێنێ و ئێمەی بەکارهێنەری زمان دەبێ زمانەکە داچۆڕێنین بەڵکوو وشەی نوێ بۆ هێنانە باسی ئەم دیاردە نوێیە بدۆزینەوە. بەندە ئەوەم کرد و وشەی «ئازادچی» م بۆ ئەم دیاردەیە دەسکەوت. بەڵێ کێشەکە چارەسەر کراو ئیستە ئیتر دەتوانین بە جەنابی سوڵتان ناجی شەریفی زیندەشتی، سوڵتانی مادەی هۆشبەر بڵێین «ئازادچی»، بەڵام ئەگەر ئەم سوڵتانەی مادەی هۆشبەر هێندە ئازادی هەبوو کە ئازادی لە قازییەکانی دادگا وەرگرتەوە و بڕیاری ئێعدامی ئەندامانی مافیاکانی رکابەری خۆی پێ ئیمزا کردن ئەوە ئیتر نەک هەر «ئازادچی» یە بەڵکو لەوەیش ئەولاتر، دەسەڵاتی دادوەری هەیە بۆ ئەوەی لەپێناو پاوانی تەواوی بازاڕەکە و پاکتاوکردنی ئەو رکابەرانەی بە قاچاخی و وردە وردە مەواد دەفرۆشن حوکمی ئێعدام بەکار بێنێت. لێرەدایە کە سەرلەنوێ دەبێ بۆ ئەم دیاردە نوێیە وشەی نوێ بدۆزینەوە. بیهێننە بەرچاوتان دادگا، ئەو دامەزراوەیە کە ئەرکی ئەوەیە حەق و ناحەق لە کێشەی دولایەنی ناکۆکدا دیاری بکات و حوکمی یەکلایی کەرەوە بدات، لە دەستی لایەنێکی ناحەق و ئازادچیدا بێت! دەبینین لێرەشدا دادی ئێرانی وەکوو هەڵبژاردنی ئێران، بووە بەو بوونەوەرەی کە کەس لە ڕەنگی نییە. بگەڕێینەوە سەر ئەو دادگایەی کە خودی دادگاکە حوکمی تیا دەدات و خۆی دەچێتە سەر کورسی حوکم و لەوەێوە پەتەکە هەڵدەدات و ملی کام رکابەری گرت ڕایدەکێشێ و حۆچی ئەم جۆرە دادپەروەرییەی لێدەدات. بە دڵنیاییەوە دەبێت بەم جەنگەڵەی برادەرانی قاچاخچی شتێکی تر بڵێین. لەم «دزگایەیش» سەمەرەتر پارڵمانی بلژیکی دڵی دێموکڕاسییە، کە خۆیان خستە زەحمەت و یاسایەکی تایبەتیان دەرکرد بۆ پیاو بە پیاو کردنی تیرۆریستێکی ئێرانی، ئەمەش لە حاڵێکدا بوو کە دەوڵەتانی بلژیک و فەڕانسە و ئاڵمان زانیاری تەواویان هەبوو کە دیپلۆماتێک بەناوی ئەسەدوڵای ئەسەدی چەمەدانێک تی ئێن تی بە فرۆکەیەکی سڤیل کە سەرنشینەکانی هەموو خەڵکی ئاسایی بوون هێنایە ئەوروپا و بردی کە هەر بۆ خۆشی بیتەقێنێتەوە بە کۆبوونەوەیەکی ڕێکخراوی موجاهدیندا، بەڵکوو تەڵەزمەکانی ببێت بە پەساپۆرتی نیشمانی و بیانفرێنێت بۆ ئەو دنیا. دەڵێن ئەم هەژارە بەردەوام وتوویە کاری دیپلۆمات دەرکردنی پەساپۆرتە بۆ سەفەری هەوایی و منیش بە شێوەی خۆمان خەریک بووم پەساپۆرتم بۆ هاونیشتمانیانی ئێران دەردەکرد. دواجار پارڵمانتارانی دێموکڕاسی لە حاکمەکان دێموکڕات تر بوون و زانییان کە بێتاوانە و گۆڕییانەوە بە بێتاوانێکی تر و داوای لێبوردنیشیان لێکرد.

یەکێکم دەوێ بێت و ئەم کەرە لەم قوڕە دەربهێنێت و ناوێک بۆ ئەم دێموکڕاسیە بدۆزێتەوە. وەک دەبینن دێموکڕاسی لە ڕاستیدا پێدەشتێکی دێمە کراسی مافی مرۆڤە و ئازادی کراوەتە بەر، دەنا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ دێمە بێکراس و کەواکەی سەدام حسین و خودی کۆماری سێدارەدا نییە و دوا جار ئەم و ئەو هەر وەک یەک بۆ خەڵکی ئاسایی بێبەرن و سیستمی ئاڵ و وێری بەرژەوەندی دەسەڵاتدارانن؛ بۆیە ڕەنگە دوور لە ڕاستی نەبێت کە ئەم وشە ڕازاوەی دێموکڕاسی دابشکێنین بۆ دوو وشەی دێم و کراسی. بەڵێ مەزرای پارڵمانتاریسم ساباتێکی وشک و ڕەبەق و دێمە و جلکی دێموکڕاسی و ئازادی کراوەتە بەر. ئەگەر تا ئیستا دێمی ئەم کراسە ڕازاوەیە لە کەسێک شاراوە بووبێت بە لابردنی تارای سەر تیرۆریستە گووڵ لە گەردنەکەی ئەوروپا ئیتر دەبێ ناوەرۆکی ئەم دێموکڕاسییە ڕووت و بێ کراس و کەوایە بۆ هەموو لایەک دەرکەوتبێ. وەک دەڵێن دەس مەدەن لە دڵم با زیاتری لەسەر نەچم دەنا ئەگەر تۆزێک ئەولاتر بچم و چیلکە بخەمە دێموکڕاسی سوڵتانە هاوپیمانەکەی ناتۆ؛ ئەوە ئیتر دەبێ بە هۆی ئەو دیموکراسییەی بۆ زیاتر لە بیست ساڵە هەر تەنیا ڕەجەبی لێ دێتە دەرەوە ناوی هەموو پرۆسەکە بگۆڕم و پێی بڵێم «ڕەجەب بژاردن». دواجاریش وەکوو دەڵێن با بەویژدان بین و قسەیەکیش بکەین بۆ دز. ناتوانین زۆر گلەیی لە دەنگدەری وڵاتەکەی مەلا ئەردۆغان بکەین؛ چوونکە لە ڕاستیدا دێم بوونی ئەم دێم جارە خۆش کراسەی «دێم و کراسی» لەوەدایە یان دەبێ بەشداری تێدا نەکەیت و خۆتی لێ دوور بگری، یان دواجار گیر دەکەی لەبەینی دوو بژاردەی وەک یەکدا و کورد گوتەنی لەمجۆرە حاڵەتەدا خۆت لەو هەڵکەوتەیەدا دەبینیتەوە کە دارێکت بەدەستەوەیە کە هەردوو سەرەکەی هیناویە!.